# نەوژین

ژمارە (١١) یەکشەممە ٢٠١٧/١٠/١٥

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات




کچێک خەمی رۆشنبیریی ژنانی گەرمیانی لەکۆڵ ناوە

7 »»

## نەوژین چیرۆکی دەستدرێژی کردنە سەر کچان و ژنانی ئاوارەی کامپەکان لە گەرمیان ئاشکرادەکات




■ نەوژین

**بەشێک لەکچان و ژنانی نێو کامپی ئاوارەکانی گەرمیان چیرۆکی دەستدرێژی کردنە سەریان لەڕوی سێکسیەوە لەلایەن پیاوانی نێو کامپەکانەوە بۆ (نەوژین) ئاشکرا دەکەن، باسلەوەشدەکەن سەرباری ئەوەی زیانێکی زۆری دەرونییان پێگەیشتوە، بەڵام نەدەتوانن لای کەسوکاریان بیدرکێنن و نە سکاڵاش تۆمار بکەن.**

بەپێی بەدواداچونێکی رۆژنامەوانیی کە رۆژنامەنوسان (سازان مستەفا و پەیام لەتیف) پێی هەستاون، چیرۆکی روداوی دەستدرێژیی سێکسیی بۆسەر هەندێک لە کچان و ژنانی ناو کەمپی ئاوارەکانیان لەگەرمیان ئاشکرا کردوە، ئەوەشیان خستوەتە رو کە سەرباری ئەوەی حاڵەتەکە بونی هەیە، بەڵام لەبەر باری کۆمەڵایەتیی یان ترس لە کاردانەوەی کەسوکارەکانیان، ناتوانن سکاڵا تۆمار بکەن و تاوانبارەکان بە سزا بگەیەنن.

هەر بەپێی راپۆرتەکە کەلە لاپەڕە (٣)ی ئەم ژمارەیەی (نەوژین) دا بڵاوکراوەتەوە، قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی لە کەمپی ئاوارەکان لەگەرمیان، هەم ژنی خێزاندریان تێدایەو هەم کچیش، بەشێوەیەک لەلایەن رەگەزی بەرامبەرەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر کە هەندێک لەو دەستدرێژییکارانە پیاوی خێزاندارن.

ئەو ژن و کچانەی لە راپۆرتەکەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، باسلەوەدەکەن کە پیاوان هەندێکیان هەڵیانخەڵەتاندون و دەستدرێژییان کردونەتە سەر، هەندێکی تریشیان بەناوی خزمایەتی و نزیکایەتییەوە لێیان نزیک کەوتونەتەوەو لە دەرفەتێکدا دەستدرێژییان کردوەتە سەریان، هەروەک باسلەوەشدەکەن کە دوای ئەو حاڵەتانە توشی چەندین کێشەی دیکە بون و تارادەیەک لەنێو پیاواندا ناویان زڕێنراوەو کەسانی دیکەش ویستویانە دەستدرێژیان بکەنە سەر.

ئەو ژن و کچانە، باسلەوەدەکەن کە بەهۆی ئەم روداوانەوە، توشی بارێکی دەرونی ئاڵۆز بون و بەردەوام خۆیان دەخۆنەوە، گەورەترین خەمیشیان ئەوەیە کە ناتوانن روداوەکە بۆ کەسوکاریان بگێڕنەوە، لەترسی روبەڕوبونەوەی کاردانەوەی توندیان.

لایخۆشیەوە، بەرپرسی رێکخراوێکی تایبەتمەند بە ژنان کەلە کەمپەکانی ئاوارە لە گەرمیان دا چالاکن، ئاماژە بەوەدەکات کە زۆرینەی ئەو تاوانانەی دەستدرێژییکردنی سێکسی لە نهێنیی دا رودەدەن، تاوانبارەکان بە بێ سزا رزگاریان دەبێت، قوربانیەکانیش لەژێر باری خەمێک دا دەمێننەوەو ناشتوانن راستی روداوەکە بگێڕنەوە بۆ کەس.

## کچانی گەرمیان هیچ گۆڕەپانێکیان نییە بۆ وەرزشکردن

4»»



## ئەوروپا جێگەیەک بۆ لێکترازانی خێزانە کوردەکان

6»»





چیرۆکی نەهامەتی ئەو ژنانەی مێردەکانیان لە زیندان دایە

2»»



ژن بەژن، ئەو نەریتەی کچ دەکاتە قوربانیی بۆ کوڕ

4»»



نەشتەرگەریی جوانکاریی لوت تا چەند زیانی هەیە بۆ ژنان؟

10»»

# چیرۆکی نەهامەتی ئەو ژنانەی مێردەکانیان لە زیندان دایە

## مێردەکانیان بەندی زیندانن و خۆشیان دیلی تێڕوانینی کۆمەڵگا



■ نەوژین، پەیام لەتیف

**ئەو ژنانەی هاوسەرەکانیان لەزیندانە هەمیشە هەستی تەنیایی و بێکەسی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ قسەکانی کۆمەڵگا وایان لێدەکات لەپاڵ تاوانی هاوسەرەکانیان ئەمانیش خۆیان بەتاوانبار بزانن، لەکاتێکدا تاوانی ئەم خێزانانە دانیشتنە بەدیار ئازادبونی هاوسەرەکانیانەوە.**

«لەدوای چونە زیندانی هاوسەرەکەمەوە قسە ڕەقەکانی کۆمەڵگا بونە زیندانی من، بەجۆرێک هەرگیز ناتوانم بەدەم باسیان بکەم، کەمرۆڤ ماڵی دەشێوێت و لانەی نامێنێت وکەسوکار پشتی تێدەکەن چەند ناخۆشە، لەکاتێکدا تاوانی من دانیشتنە بەدیار ئازادبونی مێردەکەمەوە».

ئەمە وتەی (فاتیمە)یە کەناوی خوازراوی ژنێکە مێردەکەی لەزیندانە.

بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵگاوە هەمو ئەو ئافرەتانەی لەم ڕاپۆرتەدا قسەیان بۆ (نەوژین) کردوە، نەیان ویستوە ناویان بهێندرێت، بۆیە ناوی خوازراویان بۆ بەکارهاتوە.

لەدوای چونە زیندانی هاوسەرەکانیان، ئەوەی بۆ ژنەکان ماوەتەوە جگە لەئومێدی ئازادی هاوسەرەکانیان ئەو قسانەیە کە ئومێدبڕن.

شنۆ، ژنێکی ترە کە هاوسەرەکەی ماوەی ٨ ساڵە لەزیندانەو خاوەنی ٢ منداڵە، ئەو بەدەم ئومێدی ئازادبونی هاوسەرەکەیەوە وتی: «کاتێک مێردەکەم بە١٥ساڵ حوکمدرا من مامەوە تاکو چاوەڕوانی ئازادبونی بکەم، ئەی ئێستا چۆن چاوەڕوانی ناکەم کەحوکمەکەی کراوە بە دەساڵ و تەنها دوساڵ ماوە بۆ ئازادبونی؟».

لەبارەی ئەو قسانەی کە پێی وتراوە دەڵێت: «قسە زۆر وتراوە، بەڵام من هەرگیز گوێم بۆ نەگرتوە،چونکە ئێستاش هاوسەرەکەمم زۆر خۆشدەوێت»

کەپیاوێک دەکرێتە زیندانەوە یەکەمین شت کەبەبیری تاکەکانی کۆمەڵگا و چواردەوری ئەو خێزانەدا دێت ئەوەیە، کە ئاخۆ چارەنوسیان چی لێ بەسەر دێت؟

ئەمەش بەبڕوای (هاوار کەریم)، توێژەری کومەڵایەتی، لەو بیرەوە سەرچاوەی گرتوە «کەژن توانای ماڵداری نیەو هەمیشە ئەبێت سەردارو پیاوێک هەبێت ئاڕاستەی بکات و دەستی بگرێت وبەڕێوەی ببات».

ئەو توێژەرە زیاتر وتیشی: «بەداخەوە زۆربەی ئەو بیرکردنەوەو پێشداوەریانەی خەڵکی نێگەتیڤە.»

کاتێک کلیلی بەندو زیندان لەدەرگای مێردەکانیان دراوە، ئافرەتەکانیش لەلایەن کۆمەڵگاوە کەلەپچە کراوەتە دەستیان، چوارچێوە بۆ ژیانیان دیاری کراوە، بێ ئاگا لەوەی ئەوانیش ڕۆژگار پشتی تێکردون و ڕۆژێک بەخۆشی ژیاون، ئەوان باس لە ژیانی پێش چونە زیندانی هاوسەرەکانیان دەکەن.

فاتمە لەو بارەوە وتی: «پێش چونە زیندانی هاوسەرەکەم لەگەڵ دو منداڵەکەمان لەخانوی کرێدا دەژیاین، هەرچەندە هەژاربوین، بەڵام ژیانمان خۆشبو، کەچی ئێستا لەگەڵ ماڵی خەزورم دەژیم، هەرچەندە ئەوان زۆر باشن، بەڵام ئەم ژیانە بۆمن سەختە.»

(شنۆ)ش دەڵێت: «ئێمە ژیانمان زۆرخۆشبو، بەڵام لەدوای چونە زیندانی مێردەکەم هەموشتێک گۆڕا بۆ چاوەڕوانی ئازادبون و مانەوە لەژیانێکی تەنیایی دا».

وتیشی: «من لەخانوی خۆم دەژیم کەنزیکی ماڵی خەزورمە».

لەدوای چونە زیندانی هاوسەرەکانیشیان، ئەم ژنانە بەشێکیان پەنایان بۆ ماڵی باوک یان خەزور بردوە.

لەوبارەوە (هاوار کەریم) توێژەری کۆمەڵایەتی، وتی: «ژنان لەناچاریدا لەوەها دۆخێکداو لەکۆمەڵگەیەکی وەک کوردستاندا پەنا دەبەنە بەر ماڵە باوان یان ماڵی باوکی هاوسەریان، بەشێک لەوان بەچاوی بێزاری و مایەی شورەیی سەیریان دەکەن، بۆیە ژن لەزیندانێکی گەورەتردایە کەهیچ جیاوازی نیە لەگەڵ زیندانی مێردەکەی».

وتیشی: «تاوەکو مێردەکانیان ئازاد دەبن ئەم ژنانە لەژێر فشارێکی دەرونی سەخت دا ژیان بەڕێ دەکەن».

لەدوای چونە زیندانی مێردەکانیان، ژنان لەلایەن حکومەتەوە موچەیەکی مانگانەیان بۆ دابینکراوە، بەڵام هەر پێویستیان بەهاوکاری مادی و سەردانکردنیانە لەلایەن کەسوکاریانەوە.

نەرمین، ناوی خوازراوی ژنێکی ترە کەهاوسەرەکەی ماوەی ١٠ ساڵە لەزیندانەو خاوەنی ٤ منداڵە. دەڵێت: «لەدوای چونە زیندانی مێردەکەم من لەخانوی خۆم بەتەنها دەژیم و باری داراییمان باش نیە، ئەو موچەیەشی وەری دەگرین لەگەڵ ئەو جارجارە هاوکاریەی ماڵی باوکم یان خەزورم بەئەستەم دەتوانین پێی بژین»، وتیشی: «کەسوکار وەک پێشتر نەماون و کەمتر سەردانمان دەکەن».

(شنۆ)ش وتی: «جگە لەموچەکەمان، ماڵی باوک و خەزورم زۆرباشبون لەگەڵمان ئەوەشی لە روی ماددییەوە هاوکاریمان بکات ماڵی خەزورمەو نەشیان هێشتوە پێویستمان بەکەسی تر هەبێت.

ئەگەرچی ئەمان توشی برینێکی قوڵبون، بەڵام زۆرجار خودی کۆمەڵگاش خوێ دەکاتە برینەکەیانەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی خەمێکی گەورەتریان ئەوەیە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان دا بکەن کە نازانن بۆچی باوکیان لەزیندانە.

هەروەکو (شنۆ) دەیگێڕێتەوە «کوڕەکەم جارێک لەکۆڵان لەگەڵ یەکێک لەمنداڵە دراوسێکانمان شەڕی کردوە، پێیان وتوە: تا نەبیتە ٢٠ ساڵ باوکت هەر لەسجنەو بەرنابێت، ئەمەش زۆرکاری تێکردوەو بەو تەمەنە منداڵە ئازاری داوە».

(فاتیمە)ش ژیانی لەو حاڵەتە بەدەر نەبوەو دەڵێت: «زۆرجار لەکۆڵان دراوسێکانمان قسە بەمنداڵەکانم دەڵێن لەسەر باوکیان، کەئەزیەتی ئەوان ئەدات و برینی منیش دەکولێنێتەوە».

بۆ گۆڕینی ئەم تێڕوانینانەو کەمکردنەوەی قسەی خەڵکی لەسەر ئەم خێزانانە وگوێ گرتن لەکێشەکانیان، بەبڕوای (هاوار کەریم) «دەبێت حکومەت وسیستەمی پەروەردە و وەزارەتی ئەوقاف و دەزگا ڕۆشنبیری و راگەیاندنەکان بەئەرکی خۆیانی بزانن ئاوڕێک لەو خێزانانە بدەنەوەو گوێ لە موعاناتەکانیان بگیرێت و دوربکەونەوە لەقسەی زبرو بریندارکەر لەسەر ئەم خێزانانە کەمێردەکانیان لەزیندانە».

# ژینی لادێ بۆ ژنانی گەرمیان پڕە لە گرانیی

■ نەوژین، ژینۆ خەلیل

**زۆربەمان لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی دا، هۆنراوە بەناوبانگەکەی (قانع)ی شاعیرمان خوێندوە، کەدەڵێت: «ژینی لادێ سەیرانە... گەرچی تۆزێ گرانە» بەڵام وادیارە بۆ ژنانی گەرمیان، ژینی لادێ زۆرتر گرانییەو کەمتر سەیران و خۆشیی.**

لەمیانەی بەدواداچونە بەردەوامەکانمان وەکو ئەندامی تیمی ڕێکخراوی (وادی) ئەڵمانی لەگەرمیان، لەگەڵ ئازار و کۆژانی ژنانی لادێکاندا روبەڕودەبینەوە بەشێوەیەکی ڕۆژانە، بۆیە بەگرنگمان زانیی خوێنەران لە رەوشی ژیانی ئەو ژنانە ئاگادارین، هەربۆیە پوختەی خەم و گرانیی ژیانی ئەوانمان لەم راپۆرتەدا کورت کردوەتەوە.

لە دوای روخانی ڕژێمی بەعس زۆربەی گوند نشینەکان ئیشوکاری گوندیان بەجێهێشتو رویان لە شار کرد، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی قەیرانی دارایی‌و کەمی هەلی کار لە شاردا زۆرێک لە خەڵکی شار و ناحیەکان گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکان‌و هەریەکەو بە پیشەیەکەوە سەرقاڵن، ژنانیش بەدەرنین لە کارکردن‌و لە ئەستۆگرتنی ئەرکەکانیان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان.

لە گوندی (دەورە)ی سەر بەناحیەی (قۆرەتو)، چاوم بە ژنێکی ٥٣ ساڵ کەوت، ئارەقە لەچکەکەی تەڕ کردبو، لە کێڵگەکەی خەریکی چنینی بەرهەمەکانی بو. وتی: «خێزاندارم و خاوەنی ٨ منداڵم، هەمو ڕۆژێک لە چواری بەیانی لە خەو هەڵدەستم تەوێڵەی ئاژەڵەکان پاکدەکەمەوە، خواردنیان دەدەمێ و شیرەکەیان دەدۆشم دواتر دێمە کێڵگەو تا نیوەڕۆ خەریکی کاری ئێرەش دەبم».

ئەو دەڵێت: «هەر لە سەرەتای هاوسەرگیریمەوە ئەمە کاری من بوە ، هەمو ڕۆژێک دوای دۆشینی مانگاکانم دو دەبە شیرم دەبردو دەچومە شارو دەمفرۆشت نیوەڕۆش دەگەڕامەوە ماڵ و چێشتم لێدەنا و کارەکانی ناوماڵم دەکرد، چونکە مێردەکەم نەخۆشەو هیچ کارێک ناکات، بۆیە خۆم ئیش دەکەم بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەم، بۆ ئەوەی پێویستیان بە کەس نەبێت».

کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بە لای هەندێک ژنەوە قورسە، بە تایبەت ئەوەی نوێ کە تازە دەچنە نێو ژیانی هاوسەرگیریەوە، هەروەها بەلای ئەو ژنانەی کە پێشتر لە شار ژیاون و لە ئێستادا بە هەر هۆکارێک بێت رویان لە گوندەکان کردوە.

ژنێکی ٣٠ ساڵە، بە پێکەنینەوە وتی: « ئەرکی من تەنها بەخێوکردنی منداڵەکانمە، بەبێنی خۆمان بێت جارجارەش مێردەکەم ئەرکەکانی ماڵەوەم بۆ جێبەجێدەکات، دەترسم لە ئاژەڵ نزیک ببمەوە چجا بەخێویان بکەم!».

بەهۆی ئەو لێشاوە زۆرەی هاتنی ئاوارە عەرەبەکانەوە ، بەشێکی زۆریان رویان لە گوندەکانی گەرمیان کردوە، کە ئەمەش وایکردوە کەرتی کشتوکاڵ بە شێوەیەکی بەرچاو ببوژێتەوە، بە جۆرێک ماڵە کوردەکان زەوییەکانیان دەدەن بە خێزانە عەرەبەکان بۆ ئەوەی کاری کشتوکاڵی لەسەر بکەن، یان دەیانکەن بە شوان بۆ بەخێوکردنی مەڕوماڵاتەکانیان، هەربۆیە ژنە عەرەبەکانیش سەرقاڵی کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین.



زۆربەی ژنە عەرەبەکان دەڵێن مێردەکانیان ناچاریان دەکەن کاری قورس بکەن، لە کاتێکدا بەشێکی کەم لە پیاوان هاوکاریان دەبن لە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا.

ژنە عەرەبێکی ٤٥ ساڵ، لە یەکێک لە گوندەکانی گەرمیان هەمو رۆژێک لەگەڵ مێردەکەی لە چواری بەیانییەوە تا ئێوارە کاری کشتوکاڵیی دەکات، وتی: «سەرەڕای ئەو هیلاکی‌و ماندوبونەم بۆ یارمەتیدانی مێردەکەم، هێشتا لیم ناڕازییەو ژنیشی بەسەر هێناوم بە بیانوی ئەوەی کە منداڵی کوڕم نابێت».

ئەو ژنە بە لەچکەکەی ئارەقەی نێوچەوانی سڕی و وتی: «لە تەمەنی ١٤ ساڵی هاوسەرگیریم کرد، دوای سێ ساڵ کچێکم بو، مێردەکەم وتی مادام کوڕت نەبوە ژنی دوەم ئەهێنم، کاتێک ژنەکەی هێنا من لە کێڵگەکەمان خەریکی چنینی بامیەو تەماتە بوم، نیوەڕۆ کە گەڕامەوە بینیم ژنێکی هێناوەتە ماڵەوە، منیش چومە ماڵی باوکم، بەڵام ئەوان رازی نەبون لێی جیاببمەوە، بۆیە ناچار بوم بێدەنگ ببم‌و بە هەموشتێک رازیبم».

بەتەنزیشەوە ئاماژەی بە پوچیی پاساوی ژنهێنانەکەی پیاوەکەی کرد و وتی: «دوای ساڵێک لەگەڵ ژنە هەوەکەم پێکەوە سکمانکرد، من کوڕم بو کەچی ئەو کچی بو!».

# لەکەمپی ئاوارەکان لە گەرمیان دەستدرێژیی دەکرێتە سەر ژنان



■ نەوژین،
**سازان مستەفا – پەیام لەتیف**

**«بەرەبەیان بو کە مێردەکەم رۆشتبوە دەرەوە، پیاوێکی ناسیاومان کە زۆر هاموشۆ و قسەکردنمان بەیەکەوە هەیە، هاتە خێوەتەکەمەوە، ئەوەی من چاوەڕێم لێی نەدەکرد رویدا، وەکو گورگ پەلاماری دام و دەستدرێژیی کردە سەرم، ئەو کاری خۆی تەواو کرد و رۆشت، منیش بەدیار ئەتککردنەکەمەوە دانیشتم و دەستمکرد بە گریان، بەبێ ئەوەی بتوانم هیچ کاردانەوەیەکم هەبێت».**

ئامینە، بە دڵپڕییەوە چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە، هێندە بە روداوەکە کاریگەر بو، وەک ئەوە بو تۆزێک پێش ئێستا رویدابێت، بەدڵتەنگییەوە وتی: «من پێشتر ئەو پیاوەم بەکەسێکی نزیک و خزمی خۆمانم دەزانی، کەچی ئەو تەماحی لێکردم و دەستدرێژیی کردە سەرم».

ئەوەی ئامینە (کەناوێکی خوازراوە) باسی لێوەکرد، یەکێکە لەو چیرۆکە زۆرانەی دەستدرێژیی کردنە سەر ژنان، کە دور لەچاوی کۆمەڵگا و خێزانەکان، لەکەمپی ئاوارەکان لە گەرمیان، رودەدات. ئەو ژنانە باسلەوەدەکەن ناچار دەکرێن بەوەی رازیی بن بەو دەستدرێژییە، هاوکات ناشوێرن بۆ کەسوکارەکەیان باسیی بکەن یاخود سکاڵا تۆمار بکەن.

لەدوای هاتنی داعشەوە، ژمارەیەکی زۆر خێزانی ناوچەکانی موسڵ و ئەنبار و سەڵاحەدین و دیالە، ئاوارەی گەرمیان بون، هەندێکیان لەناو شارەکان جێگیر بون، هەندێکی تریشیان لە دو کەمپی ئاوارە لەگەرمیان و دو کەمپی تر لە خانەقین، جێگیر کران.

ژمارەیەک لە ژنانی دانیشتوی ئەو کەمپانە، پێیان لە جەرگی خۆیان ناو و ئەو دەستدرێژییانەیان بۆ ژمارەیەک لە چالاکوانان و رێکخراوەکان باسکرد، کەلەلایەن هەندێک لە پیاوانەوە روبەڕوی دەبنەوە.

ئامینە، ئەو ژنەی لەسەرەوە ئاماژەمان بە چیرۆکەکەی کرد، تەمەنی نزیکەی ٤٠ ساڵە، نیوەی ئەم تەمەنە هاوسەریگریی کردوە. بەمجۆرە باسی چیرۆکی دەستدرێژیکردنە سەری بۆ (نەوژین) کرد «لەگەڵ مێردەکەم بەردەوام کێشەمان هەیەو هەرگیز لەگەڵ یەکتری نەگونجاوین، منیش چەند جارێک لەمتمانە بونم بە ناسیاوێکمان باسی کێشەکانی خۆمم بۆکرد، بەڵام رۆژێک کە مێردەکەم لەماڵ دەرچو، ئەو پیاوەی متمانەم پێکرد و باسی خەمەکانی خۆمم بۆکرد، هاتە خێوەتەکەمەوەو دەستدرێژی سێکسی کردە سەرم».

وتیشی: «پیاوەکە هەڕەشەی ئەوەشی لێکردم کە ئەگەر هاوار بکەم یان قسەبکەم، ئەوا لەناو خەڵک دەڵێم خۆی بانگی کردوم وحەیات ئەبەم».

ئامینە، بەحەسرەتەوە بەردەوام بو لەسەر گێڕانەوەکەی «دواتر هەر ئەو پیاوە لەلای پیاوی تریش باسی من و روداوەکەی کردبو، بۆیە چەند پیاوێکی تریش ویستیان دەستدرێژیم بکەنە سەر و وتیان چۆن لەگەڵ ئەو پیاوە ئەم کارەت ئەنجام داوە، ئەبێت لەگەڵ ئێمەش ئەم کارەبکەیت، بەڵام من تائێستا رێگەم نەداوە».

بەتەنها ژنان نین کەلە کەمپی ئاوارەکان لە گەرمیان روبەڕوی دەستدرێژی بونەتەوە، بەڵکو کچانیش هەن، ئەوەی مایەی تێبینییە کە ئەوانەی دەستدرێژییان دەکەنە سەر، پیاوی خێزاندارن.

ئەمەل، ناوی خوازراوی کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵە، بەهەمان شێوە لەیەکێک لەکەمپەکانی گەرمیان دەژی، باسیلەوەکرد کە هەژمارێکی فەیسبوکی لەسەر ژمارە تەلەفۆنی ژنێکی دراوسێیان داناوە، بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە، قسە لەگەڵ کوڕێکدا بکات کە خۆشی دەوێت.

وتی: «پیاوی ژنەکەی دراوسێمان، بە کارەکەی زانیوە، بۆیە دواتر ئەو پیاوە چەندینجار تەلەفۆنی بۆکردم و نامەی بۆناردم کە ئەگەر نەڕۆم بۆ لای هەمو نامەکان پیشانی دایک وباوکم دەدات، منیش لەترساندا رۆشتم بۆ لای، ئەویش پەلاماری دام و دەستدرێژیی کردە سەرم».

ئەمەل، لە روخساریدا هەست بەخەم و ترسێکی قوڵ دەکرێت، دەیوت: «من ئێستا ژیانم لەبەر چاوکەوتوە، چونکە هەمیشە لە دەستدرێژیکردنە سەرم دەترسم».

بەوهۆیەی بەرکەوتنی کچان و کوڕان لە کۆمەڵگای ئاوارەکان زۆر کەم و رێگەپێنەدراوە، بۆیە پیاوان رێگەی تریان دۆزیوەتەوە بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە کچان، ئاسانترینی ئەو رێگانەش: مۆبایلە.

دینا، ناوی خوازراوی کچێکی دیکەی ئاوارەی تەمەن ٢٢ ساڵانە لەکەمپێکی گەرمیان، تائێستا ٢ جار دەستدرێژیی کراوەتە سەر.

چیرۆکی دەستدرێژیکردنە سەر دینا، دیسان بەهەڵخەڵەتاندنی لەلایەن ژمارە مۆبایلێکی نەناسراو دەستیپێکردوە.

وتی: «پێش ٤ مانگ ژمارەیەک هەمو رۆژێک ٤ تا ٥ جار تەلەفونی بۆدەکردم، من هەڵم نەدەگرت، دواتر نامەی نارد و وتی: من کەسێکی باشم ودەمەوێت شتێکت پیشان بدەم، بەڵام من هەر بڕوام نەکرد، نامەیەکی تری هەڕەشەئامێزی بۆناردم کە وێنەی منی لایە و ئەگەر نەڕۆم خراپم بەسەردێنێت».

ئەم هەڕەشانە کاری خۆی کردبو و ئەو کچەی ناچار کردوە نیوەڕوانێک بڕوات بۆ خێوەتەکەی ئەو پیاوە «پیاوێکی شێوە ناشرینی تەمەن ٣٧ بۆ ٣٨ ساڵان بو کە نەمدەناسی و نازانم چۆن ژمارەی موبایلی منی لابو، وتم: چی منت لایە خێرا پێم بڵێ؟ بەڵام ئەو وتی تا ئەو شتەی من دەمەوێت تۆ پێم نەدەیت من هیچت پیشان نادەم، لەگەڵ قسەکانیشیدا دەستدرێژی کردە سەرم».

دینا، بە چاوی فرمێسکاوی باسی هەوڵی دوەم دەکات بۆ دەستدرێژیکردنە سەری، وتی: «پێش ٢٠ رۆژ چوم بۆ دوکانێکی شت کڕین کە پیاوێکی بەتەمەنی لەسەرەو من وەک باوکم سەیرم دەکرد، بەئاسایی سڵاوم لێکردو رۆشتمە ژورەوە، لەو کاتەدا خاوەن دوکانەکە ویستی دەرگاکە دابخات، منیش هەستم بەشتێک کرد، بۆیە چومە نزیک دەرگاکەو رێگەم لێگرت، بەڵام ئەو پەلاماری دام و وتی: هەموی باسی تۆدەکات چۆن لەگەڵ پیاوی تر بویت، ئەبێت لەگەڵ منیش ئەو کارەبکەیت».

گەورەترین خەمی ئەو ژن و کچانە ئەوەیە، کە نەدەتوانن سکاڵا لەسەر ئەو دەستدرێژییکارانە تۆمار بکەن، نە دەشتوانن خەمی دڵیان لەلای کەسوکار و خێزانیان باس بکەن، ئەمەش ئەوەندەی تر ئازاری داون.

دینا، وتی: «من ناوێرم قسە بۆ ماڵەوە بکەم.»

# ئەو ژنانەی بەبێ بڕوانامە دەبنە پزیشکیی چاو!

■ نەوژین، زریان محەمەد

**ئەگەرچی نە پزیشکەو نەخاوەنی بڕوانامەو بگرە خوێندەوارییەکی ئەوتۆشە، بەڵام (بەهیە) کارێک دەکات کە خەڵکانی تر پاش دەیان ساڵ خوێندن پێی ناگەن، ئەویش دەرهێنانی بەرد و مادەی وردی دیکەیە لەچاو. ئەو بە متمانە بەخۆبونەوە، باسلەوەدەکات کە ماوەی ٣٠ ساڵە ئەم کارە دەکات و هیچ کام لەوانەشی بێهیوا نەکردوە کە بۆ چارەسەر سەردانی کردون.**

> ئەم کارەم بۆ بازرگانی نیە بەڵکو تەنها بۆ خێرە



تائێستا بەشێک لە هاوڵاتیان کە بەرد یان هەر پارچەیەکی دیکە دەکەوێتە چاویانەوە، لەبری سەردانی پزیشک، سەردانی کەسانێک دەکەن کە بە زمان یان دەست، بەردەکەیان لەچاو دەردێنن، بەشی زۆری ئەوانەی ئەم کارە دەکەن، ژنن.

روناک ئیبراهیم، ٤٨ ساڵ، ژنی ماڵەوە، بە متمانەیەکی زۆرەوە باسی لە چۆنیەتی دەرهێنانی بەرد لە چاو بۆ (نەوژین) کرد و وتی: «بەرد لە چاو دەرکردن شتێکی نوێ نیە و بەڵکو لە سەردەمی باو باپیرانمانەوە بونی هەیە بە ئێستاشەوە، من وەکو خۆم بڕوایەکی زۆرم پێیەتی».

وتیشی: «من جگە لە خۆم منداڵەکانیشم سەردانکەرێکی بەردەوامی ئەو ژنانەن کە کە بەرد لە چاو دەر ئەهێنن»، هەڵوەستەیەکی کرد و وتیشی: «ئەو ژنانەی کە بە دەست بەردەکە دەردەهێنن نەک زمان، چونکە زمان بۆ چاو باش نیە و میکرۆب دروست دەکات».

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کەبۆچی سەردانی پزیشک ناکەن لە بری ئەو ژنانە، روناک وتی: «چارەسەرەکەی لەلای دکتۆر نیە، بەڵکو لەلای ئەو کەسانەیە کە خوای گەورە ئەو بەهرەیەی پێداون».

سەردانیکردنی ئەو ژنانەی کە بەرد لە چاو دەردەکەن تەنها تایبەت نیە بە ژنان، بەڵکو بە پێچەوانەوە رێژەیەکی زۆری پیاوانیش سەردانیان دەکەن.

حەسەن محەمەد، ٢٢ ساڵ، کە لە رێگەی کارەکەیەوە وردە پلاستیک دەکەوێتە چاویەوە، لەبری سەردانی پزیشک، سەردانی ژنێک دەکات کە کاری دەرهێنانی بەرد و وردە مادەیە لەچاو.

وتی: «لە کاتی کارکردنمدا هەندێک وردە پلاستیک کەوتە چاومەوە و هەربۆیە سەردانی دکتۆری چاوم کرد دەرمانی تایبەت بە چاوی پێدام، بەڵام بۆ ماوەی سێ رۆژ بەردەوام بوم لە بەکارهێنانی دەرمانەکان کەچی هیچ سودێکم لێنەبینی».

وتیشی: «دواتر سەردانی ئەو ئافرەتەم کرد کە بەرد لە چاو دەردەهێنێت، زۆر بە ئاسانی پلاستیکەکەی لە چاوم دەرهێناو ئاسودەیی بە چاوەکانم بەخشی».

بەڵام ئەم ژنانەی کە بەرد و مادەی دیکە لە چاو دەردەهێنن، چۆن فێری ئەم کارە بون؟ ئایا ئەوەی دەیکەن کارێکی خێرخوازییە یان کاسبییە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، (بەهیە ئەمین) کۆمەکمان دەکات، کە خۆی یەکێکە لەو ژنانەی ئەم کارە دەکەن.

وتی: «سەرەتای کارەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ ساڵ پێش ئێستا کە یەکێک لە منداڵەکانم لە کاتی یاریکردندا وردە لم دەچێتە چاویەو و توشی ئازارێکی زۆر دەبێت، ئەو کاتیش بەهۆی نەبونی بنکەی تەندروستی، خۆم لە رێگەی زمانمەوە هەوڵی دەرهێنانیم داو وردە لمەکەم لە چاوی دەرهێنا، ئەمەش بو بەهۆی ئەوەی هونەری دەرهێنانی بەرد لە چاو دەرکردن لە رێگەی زمانمەوە بدۆزمەوە».

بەهیە، بە شانازییەکی زۆرەوە باسی لەوەشکرد: «جگە لە شاری کەلار لە زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان سەردانم دەکەن و هەرکەسێک سەردانی کردوم دڵخۆشم کردوە».

وتیشی: «لە بەرامبەر ئەم کارەم هیچ برە پارەیەک لە کەس وەرناگرم و ئەم کارەشم بۆ بژێوی ژیان نیە»، بەڵام نەیشاردەوە کە هەر کەسێک بۆ خۆی برە پارەیەکی دابنێت ئەوا نایگەڕێنێتەوە.

ئەو جەختی لەوەش کردەوە ئەم کارەی بۆ بازرگانی نیە «بەڵکو تەنها بۆ خێرە».

دەرهێنانی بەرد لە چاو بەو شێوەیەی خستمانە رو، لە روی زانستیەوە شتێکی بێبنەمایە و پسپۆرانی بواری چاو ئەم کارە بە هەمو شێوەیەک رەت دەکەنە و پێیانوایە تەنیا لە ناوچە دواکەوتوەکاندا بونی هەیە.

د.رزگار نەجمەدین، پزیشکی پسپۆر لە نەخۆشیەکان و نەشتەرگەری چاو، بۆ (نەوژین) وتی: «لە روی زانستی و پزیشکییەوە بابەتێک نیە تایبەت بێت بەم کارە».

وتیشی: «ئەمە تەنها خورافیاتە و لە ناوچە دواکەوتوەکاندا بونی هەیە بە گەرمیانیشەوە».

ئەو پزیشکە لەمیانەی قسەکانی دا، سەرنجی خستە سەر بابەتێکی دیارییکراو، ئەویش ئەوەیە: «بۆچی تەنها ژنان ئەم کارە دەکەن و پیاوان پێی هەڵناستن؟»

ئاماژەی بەوەشکرد: «چەندین نەخۆش سەردانیکردوین بە هۆی ئەوەی سەردانی ئەو کەسانەیان کردوە کە زمان خراوەتە چاویان، بەو هۆیەوە توشی هەڵاوسان و سوربونەوەی چاوەکانیان هاتبون».

# ژن بەژن، ئەو نەریتەی کچ دەکاتە قوربانیی بۆ کوڕ

■ نەوژین، خەلات سالەح*

**«بەهۆیەی براکەم دەیویست هاوسەرگیری بکات، من بە شودرام، ئەگەرچی تەمەنم زۆر منداڵ بو و هی ئەوەنەبوم شو بکەم، هەربۆیە نەمتوانی تا سێ ساڵ منداڵم ببێت ، ئەمەش وایکرد هەرچی قسەو کرداری ناشرینە بەرامبەرم بکرێت». ئەمە وتەی (بەناز)ە، یەکێکە لە ژنانەی سنوری گەرمیان، بۆ دەستەبەرکردنی ژن بۆ براکەی، بە ژن بەژن دراوە بە شو.**

> بە ژنبەژن بۆ براکەم درام بە شو دوای هەفتەیەک جیابومەوە



ژن بەژن، شێوازێکی هاوسەرگیری کەلتورییە، کەلە بەرامبەر پێدانی کچێک بە کوڕێک ، خوشکێکی کوڕەکە دەدرێت بە برایەکی کچەکەی دیکە، ئەمەش زۆرجار کێشەو ئاڵۆزیی لێدەکەوێتەوە، چونکە بەزۆریی کچی دوەم دەکرێتە قوربانیی لەپێناو هێنانی ژن بۆ براکەی.

ئەم جۆرە لەهاوسەرگیرییدا، زۆرتر رەگێکی کەلتوریی هەیە و لە رابردودا زۆر برەوی هەبو، بەڵام تائێستاش ناوبەناو ئەنجام دەدرێت، هەروەک کاریگەریی ئەو هاوسەرگیرییانەی کەلەرابردودا بەمشێوەیە کراون، تائێستاش بەسەر خێزان و کۆمەڵگەو ژنان بەتایبەتی، ماونەتەوە.

بەناز، ئەو ژنەی لەپێشەکیەکەدا ناومان هێنا، یەکێکە لەو ژنانەی کە بە ژن بەژن بەشودراوە، ئەو کە تەمەنی ٤٩ ساڵە، باسلەوەدەکات ئەو روداوە سەرتاپا ژیانی شێواندوەو ئەو ئارامییەی هەمو ژنێک دەیخوازێت لە هاوسەرگیرییدا بەدەستی نەهێنێت، بۆ ئەو نەک بەدیی نەهاتوە، بەڵکو پێچەوانە بوەتەوە.

لەوبارەوە وتی: «براژنەکەم کێشەی هەبوایە دەبو منیش ماڵم جێبهێشتایە ، بە ئێستاشەوە قوربانی کێشەو گرفتەکانی براو براژنەکەمم».

هەرچەندە ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا روی لە کەمبونەوە کردوە ، بەڵام هێشتا لەلایەک بنبڕنەکراوە و لەلایەکی تریشەوە دەرهاوێشتە خراپەکانی ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە لە رابردودا لە ئێستادا دەردەکەوێت، ئەویش بەهۆی دروستبونی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لە نێوان هەردو خانەوادەکەدا کە ژنبەژنی تێیدا ئەنجام دراوە.

گەورەترین کێشەی ژن بەژن ئەوەیە، کە جگە لەوەی رێز لە ئیرادەی رای خوشکی ئەو کوڕە ناگیرێت کەدەیەوێت هاوسەرگیریی بکات، هاوکات زۆرجاریش بەهۆی نەگونجانی خێزانێکیانەوە، ئەوا کێشە دەکەوێتە نێو خێزانەکەی دیکەوە.

سۆیلە، ژنێکی ترە کە قوربانیی ئەمجۆرە هاوسەرگیرییەیە، بۆ (نەوژین) وتی: «بە ژن بەژن بۆ براکەم درام بە شو دوای هەفتەیەک جیابومەوە، من ومێردەکەم زۆر یەکترمان خۆشدەویست، بەڵام براو براژنم توشی کێشە هاتن بەیەکەوە نەگونجان و جیابونەوە ,ماڵی خەسوم منیان ناردەوە بێ ئەوەی پرس بە مێردەکەم بکەن، چونکە ئەو فیرار بو، حکومەتی بەعس زیندانی کردبو تاگەڕایەوە منیان دا بە تەڵاقدان و تەنها یەک هەفتە بەیەکەوە بوین».

بەشێکی لە چیرۆکی کێشەکانی ژن بەژن تەنیا لەوەدا کورت نەبوتەوە ,کە هاوسەرەکان جیا ببنەوە بەهۆی کێشەی بەرامبەرەکانیانەوە، بەڵکو وەک لە چیرۆکی (سۆیلە)دا هەیە، حاڵەتەکە گەیشتۆتە تۆمەتبەخشینەوە و وێرانکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی خانمان.

ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە، بەپێی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانیی هەرێمی کوردستان، یاساغ و قەدەغە کراوە و بە جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان هەژمار کراوە، سەرباری ئەوەی ئەنجامدانی حاڵەتەکە سزای یاسایی هەیە، بەڵام تائێستا و بوەتە رێکخراوێک، حاڵەتەکە هەر بونی هەیە .

سەیوان رۆستەم، سەرۆکی رێکخراوی سایە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی ژنان، لەوبارەوە رایگەیاند: «ژن بەژن تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان بنبڕنەکراوە , لە ساڵێکدا زیاتر لە ١٠ حاڵەت هەیە».

بە رای ئەو چالاکوانەی ژنان، بەشێکی بەرچاو و دیاریی حاڵەتەکە، لەناوچە دورەدەستەکان ئەنجام دەدرێن، ئەو ناوچانەی کەزۆرتر کەشی عەشایەریی و نەریتیی بەسەریاندا زاڵە .

* ئەندامی تیمی رێکخراوی (وادی) لە گەرمیان

# قەیرەیی.. مۆتەکەی کچان

■ نەوژین، زریان محەمەد

**ئەگەرچی تەمەنی تەنها ٢٠ ساڵەو هێشتا رێیەکی دوری لەژیان لەبەردەم دا ماوە، بەڵام هەر لەئێستاوە ئەوە بە گوێی (دەریا) دا دەدرێت، کە قەیرەیی خراپەو باش نییە کچ قەیرە بێت، ئەمەش بارێکی دەرونی لەبارەی ئەو وشەوە لەلا دروست کردوە.**

**ئەو کە خوێندکاری زانکۆیە دەڵێت: «کچان بە گشتی لە قەیرەبون دەترسن، رەنگە بەشێکی زۆریشیان لە واتای وشەکە هەر تێنەگەن».**

قەیرەیی یان قەیرە بون، دەستەواژەیەکە بۆ ئەو کچانە بەکاردێت کەپاش بەسەربردنی تەمەنێک، بەڵام نەچونەتە نێو ژیانی هاوسەرگیرییەوە. بەگشتی کۆمەڵگا تێروانینێکی پەسەندی نییە بۆ ئەو کچانە، هەربۆیە ئەم بابەتە وەکو مۆتەکەیەکی لێهاتوە بۆ کچان.

دەریا، ئەو کچەی لەسەرەتاوە قسەی بۆ کردین، باسلەوەدەکات کە خێزانەکان هەر لەمنداڵیەوە کچان لەم حاڵەتە ئاگادار دەکەنەوە . وتی: «خێزان و کۆمەڵگا هەرلە منداڵیەوە ئەوەی بە گوێی کچاندا خوێندوە کە قەیرەبون شتێکی خراپە، قەیرەبون بەواتای دۆڕان دەزانن دۆڕان لە گەنجێتی و جوانی و ژیان».

ئەو کچە ئاماژەی بەوەکرد کە کچانی ئێمە شەرمن پەروەردەکراون، بۆیە کاتێک بیانەوێ هاوسەرگیری بکەن شەرم لە خێزانەکانیان دەکەن و خۆیان دەبەستن بە بریاری خێزانەکانیانەوە.

وتی: «زۆرێک لە کچان ناخیان کردوە بە گۆرستانێک بۆ ئەو بەڵێ و نەخێرانەی کە نەیانکردوە لە کۆتایدا بە قەیرەیی ماوەتەوە».

بەشێکی زۆری کچان پێیان وایە کە قەیرەیی ژیانی زۆربەی کچانی ناخۆش کردوە چونکە ئەگەر کچێک تا تەمەنێکی دیاری کراو نەچێتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە ئەوا روبەڕوی چەندین پرسیار و تانەو تەشەری دەوروبەر دەبێتەوە .

شیرین ئەکرەم، (٢٢)ساڵ، دەرچوی زانکۆیە و بۆ (نەوژین) دەڵێت: «بە هیچ جۆرێک رەوا نیە وشەی قەیرە بدرێتە پاڵ ئەو کچانەی کە دەرفەتی هاوسەرگیرییان بۆ نەرەخساوە لە کاتی گونجاودا، بەڵکو ئەوە تەنیا بیرکردنەوەی کەلتورێکی هەڵەیە».

وتیشی: «پرۆسەی هاوسەرگیری فرسەتێکە مەرج نیە تەمەنێکی دیاریکراوی هەبێت، بەڵکو مرۆڤ تا تەمەنێکی زیاتر بژیت زیاتر تێدەگات و باشتر بیردەکاتەوە و دەتوانێت بناغەی خێزانێکە سەرکەوتو بنیات بنێت».

بەشێک لەو هۆکارانەی کەوادەکات ژنان زیاتر بترسن لە قەیرە بون، ئەوەیە کە چانسی هاوسەرگیردنێکی دڵخوازانەیان لەلا کەمدەکاتەوە، بەڵکو هەر بەوهۆیەی بە قەیرە هەژمار نەکرێن و ناو نەبرێن، هاوسەرگیرییەک دەکەن کە دواتر کێشەیان بۆ دروست دەکات.

نەسرین، ناوی خوازراوی ژنێکی (٤٥) ساڵی دانیشتوی کەلارە، بۆ (نەوژین) باسیلەوەکرد کە بە هۆی ماڵەوە نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات و یارمەتیدەری دایک و براکانی بوە.

وتی: «براکانم ئەوەی هەریەکەیان بون بەدەستیان هێناو هەریەکەیان بون بەخاوەنی بروانامەی خۆیان و ئێمەی کچەکانیش بروانامەی (قەیرە) بونمان وەرگرت لە لایەن خێزانەکەم و کۆمەڵگاوە».

نەسرین بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە درێژەی بە قسەکانی داو وتی: «کاتێک تەمەنم بو بە (٣٨)ساڵ بە زۆرکردنی ماڵەوە ناچار بوم شو بە پیاوێکی ژن تەڵاقدراو بکەم کە هیچ لەگەڵ یەک نەدەگونجاین ساڵێک تێپەری نەکردبو لەیەک دی جیابوینەوە».



جیاواز لە هۆکارەکەی (نەسرین)، چالاکێکی بواری ژنان چەند خاڵێکی تر بەهۆکاری قەیرەبونی کچان دەزانێت.

شنە محەمەد، چالاکی بواری ژنان، بۆ (نەوژین) وتی: «چەندین هۆکار هەن وەک: رێگری خێزانی و تەواوکردنی پرۆسەی خوێندن، وەستان لەسەر بریاری خێزان، خۆشەویستی یەک لایەنە لە هەموشی گرنگتر خراپی باری ئابوری و قەیرانی داراییە، کە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری بەشێکی زۆری گەنجانی ئێمەی پەکخستوە».

بەڵام پرسیارەکە ئەوەنیە کچان بۆ قەیرە دەبن، بەڵکو ئەوەیە بۆچی کۆمەڵگا بەمشێوە خراپ و شەرمهێنەرانە لە قەیرە بون دەڕوانێت؟

کارزان فوئاد، توێژەری کۆمەڵایەتی، بەمشێوەیە وەڵام دەداتەوە: «ترسی قەیرەبون ترسێکە کۆمەڵگە بۆی دروست کردون بە بیانوی ئەوەی کە ئافرەت ناتوانێت بژیت گەر لە ژێر سێبەری پیاوێکدا نەبێت».

وتیشی: «کچانی ئێمە لە ترسی تانەو تەشەری دەوروبەر و چاندنی ئەو ترسە گەورەیەی لە ژێر ناوی قەیرەبوندا کە هەر لە منالییەوە لە دڵ و دەرونی کچاندا دروستیان کردوە و ناچاریان کردون کە لە تەمەنێکی کەمدا هاوسەرگیری پێک بهێنن و بێبەشیان بکەن لەو خەون و خولیایانەی کە هەیانە».

بە هەمان شێوە، (شیرین)یش دەڵێت: «کچان بەگشتی و بەتایبەت ئەو کچانەی کە پێیان دەوترێت قەیرە، پێویستە گوێ بەو قسەو تێڕوانینانە نەدەن، چونکە زۆرێک لەوان خاوەنی توانا و شارەزایی باشن و دەتوانن داهێنان بکەن و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا بکەن و بگەن بە خەون و خولیاکانیان».

«ژن واتا ژیان نەک ملکەچی و کۆیلایەتی»

# تانەو تەشەری کۆمەڵگا ژنان لەو کارانە بێبەش دەکات کە بە (پیشەی پیاوان)ە ناسراوە

■ نەوژین،
زریان محەمەد - جوانە جەلیل

**ئەگەر چی بەشێکی زۆری کچان و ژنان هەنگاوێکی سەرەتاییان ناوە بۆ بون بە خاوەن کار و ئابوری سەربەخۆی خۆیان، بەڵام تاوەکو ئێستاش ناتوانن دەست بۆ بەشێک لەو کارانە ببەن کە بە پیشەی پیاوانە ناسراوە، ئەمەش بەهۆی کەمی ئاستی رۆشنبیری و نەریتی کۆنی کۆمەڵایەتیەوەیە.**

هاودین ئیبراهیم، تەمەن (٢٤) ساڵ، کە پیشەی مامۆستایە بە (نەوژین)ی وت:«کارکرنی ئافرەت و هەبونی ئابورییەکی سەربەخۆ هۆکارە بۆ ئازادی ئافرەت لە کۆمەڵگادا، بەڵام بیر و بۆچونی تاکی ئێمە و قسەی دەوروبەر هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئافرەت نەتوانێت هەمو کارێک بکات».

وتیشی: هیچ کارێک نیە تایبەت بێت بە پیاوان بەڵکو زۆر ئافرەتمان هەیە لە پیاوان بە تواناترن، تەنها دواکەوتوی بەشێک لە کۆمەڵگا و کەمی ئاستی رۆشنبیری تاک و بیرکردنەوەی پیاو سالارییە نایەڵێت ژنان هەمو جۆرە کارێک بکەن.

کوردە بۆچونێکی جیاوازتری هەیە و پێی وایە :«پێویستە هەمو ئافرەتان ئەو ئامانجە یان ئەو کارەی کە خۆیان ئەیانەوێ دەستی بۆ بەرن، ژن واتا ژیان نەک ملکەچی و کۆیلایەتی».

کوردە ئەحمەد، کە خوێندکاری پەیمانگایە، بۆ (نەوژین) دەڵێت:«ئەگەر رۆژێک بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانم ناچاربم کاربکەم ئامادەم سەیارەکەم بفرۆشم و تەکسیەکی پێبکرم و ببم بە شۆفێری تەکسی بۆ ئەوەی ناچاری دەستی کەس نەبم بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانم».

وتیشی:«راستە روبەروی تانەو تەشەری دەوروبەر دەبینەوە، و کۆمەڵگای ئێمە ئافرەت وەک کۆیلە دەبینن، تەنها بۆ خزمەتکردنی ماڵ و منداڵ چاوییان لێدەکەن، بەڵام دەبێت هەوڵ بۆ ئامانجەکانمان بدەین».

> کچان و ژنانی گەرمیان هەنگاوی باشیان ناوە بۆئەوەی ببنە خاوەنی کاری خۆیان



چالاکوانێکی بواری ژنان پێی وایە هەمو ئافرەتێک دەتوانێت خاوەنی کاری خۆی بێت وەک هەمو پیاوان، بەڵام کۆمەڵگا و ئاستی رۆشنبیری تاک رێگە بەوە نادات کە ژنان دەست بۆ هەمو کارێک بەرن.

لەیلا ئەحمەد، چالاکوانی ژنان بۆ (نەوژین) دەڵێت:«کچان و ژنانی گەرمیان تا رادەیەکی زۆر هەنگاوی باشیان ناوە بۆ ئەوەی ببن بە خاوەنی داهات و کاری خۆیان لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەیان توانیوە وەک پێویست بێنە مەیدانی کار و بازار و دەست بۆ ئەو کارانە بەرن کە تاوەکو ئیستاش بە (پیشەی پیاوان)ە ناسراوە».

لەیلا ئاماژەوی بەوەشکرد: بەشێک لەو کچانەش کە خوێندنیان تەواو کردوە نەیانتوانیوە کارێک بکەن کە کۆمەڵگە قبوڵی نیە ئەگەر چی بێکاریش بن، چونکە کارکردن پێویستی بە چونە دەرەوە هەیە، قسە و قسەڵۆکی کۆمەڵگە وای لە خێزانەکان کردوە بە داخراوی بمێننەوە و رێگە بە کچ و خێزانەکانیان نەدەن هەمو کارێک بکەن.

بەشێک لە ژنان و کچان پێیان وایە سەرەرای رێگرییەکانی خێزان و کۆمەڵگە، بەڵام هەندێک جار ئافرەتان خۆشیان هۆکار و کەمتەرخەمن لە بەرامبەر بە دەستهێنانی مافەکانیان.

بانە ئەحمەد، تەمەن (٢٨) ساڵ، بۆ (نەوژین) دواو وتی: «لە سەنتەرێکی تەندروستی کارم دەکرد و خاوەن کاری خۆم بوم، سەرەرای ئەو قسانەی دەوروبەر هەر بەردەوام بوم لە کارەکەم، بۆیە پێویستە ژنان گوێ بە تانە و تەشەری دەوروبەر نەدەن و هەوڵی بە دەستهێنانی مافەکانی خۆیان بدەن».

جەختیشیکردەوە:بەشێکی زۆری ژنان خۆیان هۆکاری ئەوەن کە داب و نەریتی کۆمەڵگا بە سەریاندا بسەپێنرێت، ئەگەرچی زۆرێک لە خێزانەکان بژێوی ژیانیان بە زەحمەت دابین دەکەن و ئامادەن دەست لە ئەم و ئەو پان بکەنەوە، بەڵام ئامادەی ئەوەیان تێدا نیە رێگە بە کچ و خێزانەکانیان بدەن کە کارێک بکەن بۆ ئەوەی پێکەوە پیداویستیەکانی ژیانیان دابین بکەن».

---

# چوار کچ لە رزگاریی مارکێتێک بەرێوەدەبەن

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

**بەپێچەوانەی ئەو ژنانەی کە لە فرۆشگاو دوکانی بچوکی خۆیاندا کاردەکەن، چوار کچ لە ناحیەی رزگاری و لە هەرزانە بازاڕێکی گەورەدا کاردەکەن، لەدیمەنێکدا کە بینینی لە ناحیەیەکی وەکو رزگاریی، حاڵەتێکی نەک کەم، بگرە دەگمەنیشە.**

ئەو چوار کچە لە مارکێتی (هەرزانە بازاڕی لاندی) کاردەکەن، کە مارکێتێکە بەم دواییانە کراوەتەوە. ئەوان باسلەوەدەکەن سەرباری تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام توانیویانە بەردەوام بن لەکارەکەیان و روبەڕوی هیچ کێشەیەکی ئەوتۆش نەبونەتەوە.



روقیە محەمەد، تەمەن ٢٠ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی رزگاری و کارمەندی (هەرزانە بازاڕی لاندی) بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من دوای تەواوکردنی خوێندن و بەویستی خۆم و بێ هیچ زۆریەک هاتوم لێرە کاردەکەم، بۆئەوەی بتوانم بژێوی ژیانی خۆم دابین بکەم و یارمەتی باوکیشم بدەم».

وتیشی: «ماڵەوە زۆر پشگیرم و هیچ کات رێگر نەبونە لەوەی بێم لێرە کاربکەم، قسەی خەڵکی بۆمن گرنگ نین، ئەوە گرنگە کە ماڵەوە رێگەیان پێداوم».

لە ئێستا ژنان بەلێشاو رویان لە زۆربەی ئەو شوێنانە کردووە کە بەپیشەی پیاوان ناسراوەو توانیویانە جێگەی خۆیان بکەنەوە لەو شوێنانەدا، بەڵام هەندێکجار قسەو توانجی خەڵکی هەندێک لەو ژنانەی سارد کردوەتەوە، بەڵام ئەم کچانەی کەلێرەدا کاردەکەن بەخۆشحاڵییەوە لەکارەکەیان ئەڕوانن و دەڵێن قسەی خەڵکی بۆ ئێمە گرنگ نیەو ئێمە بەردەوام دەبین لەم کارەمان.

> بەویستی خۆم و بێهیچ زۆریەک هاتوم کاردەکەم

شەرمین مەولود، ٢٥ ساڵ، یەکێکی ترە لەو کچانەی کە لەو هەرزانە بازاڕەدا کاردەکات، وتی: «دوای تەواو کردنی خوێندنم، ماوەیەک کارم نەبو لەماڵەوە بوم، بەڵام دواتر بۆماوەی دو مانگ لە شوێنێکی تر کارم کرد، ئەمەش بو بە بەرچاو رونیەک بۆ من کە بتوانم بەردەوامبم لەکارکردنم».

دەڵێت: «من هیج پێویستم بەوە نیە کاربکەم، چون لە ماڵەوەمان باری داراییمان باشە، بەڵام وەکو حەزێک و ئەوەی لەماڵەوە نەبم، بۆیە کاردەکەم».

شەرمین وەکو هەمو ئەوکچانەی لەوێ کاردەکەن جەخت لەوە دەکاتەوە کەماڵەوە پشگیریانەو هانیان دەدەن کە کاربکەن.

هەرزانە بازاڕی لاندی، لەئێستایە تاکە هەرزانە بازاڕە کە چوار کچ تێیدا کاربکات، کارکردن لەو هەرزانە بازاڕەدا دو شەفتە (بەیانیان و ئێواران) کە لە کاتژمێر هەشتی بەیانی بۆ چواری ئێوارە و چواری ئێوارە بۆ دوانزەی شەو دەبێت.

ئاسۆ عدنان، سەرپەرشتیاری هەرزانە بازاڕەکە، بۆ (نەوژین) وتی: «ئێمە دەبینین گەنجێکی زۆر خوێندنیان تەواو کردوەو بێکارن، بۆیە بڕیارماندا چوار ژن لە هەرزانە بازاڕەکەماندا هەبێت، ئەمەش بۆ مەبەستی ئەوەی کە هەم بێکار نەبن و بتوانن ببن بەخاوەن موچەی خۆیان، هەم بتوانن بوێریەک بنوێنن لەو کۆمەڵگە داخراوەی کە لەناوچەکەدا هەیە».

ئاسۆ، دەڵێت: «ئەو موچەیەی کە پێیان دەدرێت بەمانگانەیەو هیچ نەبێ پێداویستیەکانی خۆیانی پێ پڕدەکەنەوە».

هەندێکجار ژنان سڵ لەوەدەکەن کە هەندێک شوێن ناگونجێ بۆ کارکردنی ئەوان، بەڵام ئایا ئیشکردن لەم هەرزانە بازاڕەدا گونجاوە بۆ ئەوکچانەی کەلێرە کاردەکەن؟

ئامینە، تەمەن ٢٧ ساڵ و یەکێکی ترە لەکارمەندانی هەرزانە بازاڕەکە، بۆ (نەوژین) باسلەوەدەکات «کارکردنی ئێمە لێرە زۆر باشە، چونکە سەرپەشتیاری ئێرە زۆر باش تەعامولمات لەگەڵ دەکات».

دەشڵێت: «هەندێک شوێن شیاوی ئەوەنیە ئافرەت تیایدا کاربکات، هەروەکو چۆن هەندێک ئافرەت شیاوی هەندێک شوێنی کارکردن نیە، بەڵام تاوەکو ئێستە ئێمە روبەڕوی هیچ کێشەیەک نەبوینەتەوەو خۆشحاڵین کە توانیومانە بەتەواوی کارەکانمان ئەنجام بدەین».

سەبارەت بەو کۆمەڵگە داخراوەی کە لەناوچەی گەرمیان بەگشتی دەبینرێت و بەتایبەت ناحیەی رزگاری، قورس نیە بۆ چوار کچ کە لە هەرزانە بازاڕێک دا کاردەکەن؟

روقیە و هەمو ئەوکچانەی لەوێیدا کاریان دەکرد ئەوەیان رونکردوەوە کە «هەمو کارێک سەرەتا قورسی خۆی هەیە، بەڵام دوای تێپەڕبونی کات و قەناعەت کردن بەخەڵکی کە ئیشکردن کارێکی هەڵە نیە، بۆمان ئاسان دەبێت، هەر بۆیە هەرکەسێک بەشەویش هاتبێتە ئێرە سەرەتا توانجی داوە، بەڵام لەئێستادا رەوشەکە باشترەو خەڵکیش بە کارکردنمان راهاتوە».

# ئەوروپا جێگەیەک بۆ لێکترازانی خێزانە کوردەکان



■ نەوژین، گوڵباخ حەسەن

**حاڵەتەکانی جیابونەوەی خێزانە کوردەکان لە ئەوروپا، هێندە بەرچاون، کە ڕەنگەبشێت بە دیاردە ناوی بەرین، بەدەیان خێزانی کورد توشی لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەو جیابونەوەی ژن و مێردەکان دەبن، هەندێکیان یەکتری بەهۆکار دەزانن، هەندێکی تریشیان لۆمەی خۆیان دەکەن، چاکوانێکیش باسلەوەدەکات کە کێشە کەڵەکەبوەکانی چەند ساڵی هاوسەرگیرییان، وادەکات لە هەندەران زوتر لێک جیاببنەوە.**

لەدەزگا ڕۆژنامەوانیەکاندا، زۆر باس لە حاڵەتەکانی جیابونەوە لەکوردستان دەکرێت، بەڵام زۆربەکەمی ئاماژە بەم حاڵەتە لەناو کوردان لە دەرەوەی وڵات دەکرێت، ئەگەرچی ڕێژەی حاڵەتەکە وەک هەستی پێدەکەین، کەمتر نییە لە کوردستان. هەربۆیە ویستمان لەڕێگەی ئەم ڕاپۆرتەوە، سەرنجی هەمو لایەک بکێشینە سەر ئەم کێشەیەو لەسەر زاری خودی ژنان و پیاوان و دواتریش کەسانی پسپۆڕەوە، قسەی لەبارەوە بکەین.

## ژنەکەم فرێی دامە سەر جادە!

محەمەد، ٣٧ ساڵ، دوای ١٧ ساڵ هاوسەرگیریی، لە هاوسەرەکەی جیابوەتەوە. بۆ (نەوژین) وتی: «ڕۆژێک ڕۆشتمەوە، تەماشا دەکەم جلوبەرگەکانم لە بەر دەرگا بۆم دانرابو، لەسەر جانتاکەم نوسرابو (چیتر تۆ شایانی باوکایەتی و مێردایەتی نیت)».

ئەو پیاوە، دان بەوەدا دەنێت کە ئەو کەمتەرخەم بوە لەبەرامبەر خێزانەکەی، بەڵام لەوەش بەگلەییە کە هاوسەرەکەی چانسێکی تری پێنەداوە.

وتی: «ئەگەر ڕاستگۆبم ئەو نوسینە ویژدانی منی بە خەبەر هێنا، بەڵام خێزانەکەم شانسێکی تری پێ ڕەوا نەبینیم، هەمو شتێکی کۆتایی پێهێنا».

لەبارەی کێشەکانیشانەوە ڕونیکردەوە: «کێشەکانی ئێمە لەوەوە سەرچاوەی گرتبو کە بەهەمان بیرۆکەی پیاوەکانی کوردستان ڕەفتارم دەکرد و شارەزای یاساکانی ئێرە نەبوم، باوەڕم بەئازادیی ژن و مافی خاوەندارێتی کردنی خێزانم لەو پارەیەی کە مانگانە وەرمان دەگرت نەبو، وەک هەر پیاوێک هەوڵم ئەدا خێزانم بۆ هەر شتێک کە ئەیەوێ دوابڕیاڕ بەدەستی من بێت، ڕۆژێک پێشتر لە خێزانم دابو، بۆ بەیانیەکەی سکاڵای تۆمار کردبو، بەو بۆنەیەو لەیەک جیابوینەوە».

## ئەوروپا مێردەکەی گۆڕیم

سنەوبەر، تەمەن ٣٠ ساڵ، ژنێکی جیابوەوەیە لە هاوسەرەکەی، باسلەوەدەکات هەر کە گەیشتونەتە ئەوروپا، هاوسەرەکەی بەتەواوی هەڵسوکەوتی گۆڕاوە و خوی دابوە هەندێک کاری خراپی وەکو (قومارکردن و زۆر خواردنەوە).

بۆ (نەوژین)، وتی: «کەهاتینە ئێرە ١٠٠٪ پێچەوانە بویەوە، خویدابوە قومارکردن و خواردنەوەی بێ شوماری مەی، ئازاری من و منداڵەکانمی دەدا، منیش لێی جیابومەوە و ئەوەی کە بەسەرمنی هێنا لە ڕابردودا، هەمان شتم بەسەریدا هێنایەوە و لە بینینی منداڵەکانمان بێبەشم کرد و بەهۆی لێدان و ئەشکەنجەشەوە لە من و منداڵەکانم، سکاڵام لەسەر تۆمار کرد و مافی پەنابەریشی لێوەرگیرایەوە».

ئەو ژنە بە ڕقێکەوە وتی: «سزاکان بە خواستی من بون، چێژ لە ئازارەکانی ئەو ئەبینم، مرۆڤی خراپ شایانی خراپ ترە».

ئێستا سنەوبەر ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوەتەوە و وەکخۆی دەڵێت: «لەژیانی ئێستام ڕازیم».

## من توندوتیژ بوم و هاوسەرەکەم ناپاکیی کرد

کاروان، ٣٢ ساڵ، ماوەی ساڵێکە لە خێزانەکەی جیابوەتەوە، سەرەتای کێشەی خێزانەکەیانی گەڕاندەوە بۆ وەرگرتنی یەکەمین بڕە پارەی «سۆسیال» کە هاوکاریەکی مانگانەیە دەدرێتە پەنابەران.

وتی: «سەرەتا من ئەو پارەم وەردەگرت، بەڵام دواتر هاوەسەرەکەم ڕازیی نەبو و بۆیە پارەکەم دا بەو، بەڵام ئەو زیادەڕۆیی دەکرد لە خەرج کردن و بەمهۆیەوە کێشەمان دەبو».

وتیشی: «وایلێهات هاوسەرەکەم هەمیشە بەمنی دەوت دەتوانیت بڕۆیت و بەجێمان بهێڵیت خۆ ئێرە کوردستان نیە و پێویستیەکانمان هەموی دابین کراوە».

ئەو پیاوە، هاوسەرەکەی بەوە تۆمەتبار دەکات کە ناپاکیی لەگەڵ دا کردوەو لەگەڵ پیاوێکی تردا پەیوەندیی گرێداوە. وتی: «هاوسەرم پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی کورد هەبو کە چەند ساڵێک لەدەرەوە بو ئەو ئاسانکاری و ڕێگەی پیشاندەری بو، هەمان پیاو ئێستا لەگەڵ خێزانەکەم دەژی».

باسیلەوەشکرد کە ڕۆژێک منداڵەکەی بەقسەی نەکردوەو ئەویش زلەیەکی لێداوە، لەبەرامبەریشدا وەکخۆی دەڵێت: «خێزانەکەک ئەمەی بەهەلزانیوە و پۆلیسی لێ ئاگادر کردمەوە، لەدوای ئەو ڕوداوە تاوەکو چوار مانگ خێزان و منداڵەکانم نەبینی، هەتا خێزانەکەم ناچاری کردم کە بەمەرجی جیابونەوە لێی، بتوانم منداڵەکانم ببینم».

## هەڵهاتن بەدوای هاوسەردا

سەیران، ٢٧ ساڵ، دوای ئەوەی باوک و دایکی لەژیان نامێنن، لای پورێکی گەورە ئەبێت، لەتەمەنی ١٣ ساڵی دا بەشو دەدرێت بەپیاوێک کە ١٠ ساڵ لەخۆی گەورەترە.

باسیلەوەکرد کە مێردەکەی ١٠ ساڵە ئەوانی لەکوردستان لەژێر کۆمەڵێک قەرز و بارێکی ناخۆش دا بەجێهێشتوەو خۆی بۆ ئەوروپا کۆچی کردوە، لەساڵی ٢٠١٥ بەهۆی کردنەوەی ڕێگاکانەوە، ئەویش بڕیاریداوە بەڕیگەی ئاو کەهەرزانترین ڕێگە بوە، ژیانی خۆی و منداڵەکانی بخاتە مەترسییەوە لەپێناو گەیشتن بە مێردەکەی، وەکخۆی وتی: «چونکە خۆم بێ دایک و باوک بوم، نەمویست منداڵەکانیشم بێ باوک بژین».

باسیلەوەکرد هەر لەسەرەتای گەیشتنیان بە هاوسەرەکەی، ڕوبەڕوی کیشە بونەتەوە «هەفتەی یەکەمی گەیشتنمان، لەیەکێک لە کامپەکان دا بە بەرچاوی خەڵکەوە لە منی دا، خێرا پۆلیس ئامادەبو منیان ٤٠ ڕۆژ لە شوێنێکی هێشتەوە لەداڵدەدانی ژنانی هەڕەشە لێکراوە، سەرەڕای ئەوەش سکاڵام تۆمار نەکرد، کەچی مێردەکەم هەر بەردەوام بو لە ئازاردانم و خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیەی کە مانگانە پێمان دەدرا و دۆڕاندنی لەیانەکانی شەوان و قۆمار کردن و خۆشیەکانی خۆیدا».

وتیشی: «دواینجار بەمێردەکەمم وت کە یان ئەبێت من و منداڵەکان هەڵبژێرێت یان قومار کردن، ئەوەبو بەمنی وت من قومارم لە ئێوە پێباشترەو، بەو شێوەیە لێک جیابوینەوە».

## دڵپیسیی...

سارا، ژنێکی تری دانیشتوی ئەوروپایە، کێشەی خۆی و هۆکاری جیابونەوەی لە هاوسەرەکەی بۆ «دڵپیسیی» گێڕایەوە.

وتی: «مێردەکەم ڕێگربو لەهەمو شتێکم، لە کارکردنم، لە جلوبەرگ لەبەرکردنم، لە تێکەڵاو بونم لەگەڵ دنیای دەرەوەی شوقەکەم، سەرەتا زۆر دەیترساندم بەکەسوکارەکەم و هەرچی ئەو پێیخۆش بو ئەبوایە گوێڕایەڵی بم».

وتیشی: «بۆ ئەوەی کارنەکەم و نەخوێنم، هەمو ساڵێک منداڵێکی پێدەهێنام، وایلێهات توشی خەمۆکی بوبوم، مێردەکەم لەو شێوانەبو هەمو شتێک بۆ خۆی حەڵاڵ و بۆ من حەرام کردبو، باشترین ڕێگە جیابونەوە بو».

## چالاکوانان چی دەڵێن؟

شادیا محەمەد، یەکێکە لە ئەندامانی ڕێکخراوی (یادفیکا) کە ڕێکخراوێکی ئەڵمانیە و هاوکاری یاسایی پێشکەش بەژنانی هەڕەشەلێکراو دەکات، دەڵێت: «هەست بە پەنگ خواردنەوەی کێشە قوڵەکانی ژنان ئەکرێت، کە دێنە ئێرە و فەزای یاسا و ژینگە کۆمەڵایەتییەکە بە لەبار ئەزانن، بۆیە هەر زو بڕیاری جیابونەوە دەدەن».

وتیشی: «پیاوەکان دەیانەوێت هەمیشە ژنان گوێڕایەڵی فەرمانەکانیان بن، هۆکاری زۆربەی ئەو کێشانەی کە دەگەنە جیابونەوە سنوردارکردنی ئازادیەکانی ژنە لەلایەن پیاوانەوە، کە زۆر جار ژنان ئەمەیان لە ناو ژینگەیەکی دیموکراسیدا پێهەزم ناکرێت و جیادەبنەوە»

ئاماژەی بەوەشکرد: «بونی یاسا کە پشتگیرییەکی زۆری ژنان دەکات و ئەو هەمو ئاسانکارییەی بۆ ژنان کراوە کە لە وڵاتانی خۆمان نیمانە، وادەکات ژنان جۆرێک لەبەهێزی و باوەڕیان لادروست بێت».

شادیە، سەرسوڕمانی خوی لەبەرامبەر ئەو کێشە زەقانەو ئەو ژمارە زۆرەی کێشەو لێکجیابونەوەکان نەشاردەوە، باسیلەوەشکرد ڕێژەکە ئاسایی نییە.

ئەو وتیشی: «بەپێی بەدواداچونەکان زۆربەی کێشەکان بەهۆی سنوردارکردنی لایەنی ئازادیی و هەروەها لایەنی داراییەوەیە لەلایەن پیاوانەوە».

جەختیشیکردەوە: «ئەو هۆکارانەی کە ژن و مێردی کورد لە ئەوروپا لەسەری لێکجیادەبنەوە، لەخێزانێکی ئەوروپی دا زۆر کەم بەهۆیەوە جیادەبنەوە، ئەمەش بەهۆی ژینگەو کەلتور و پەروەردە کۆمەلایەتییەکە».

## لەکوێوە کێشەکان چارەسەر بکەین؟

بۆ ئەم ڕاپۆرتە، لێدوانی زیاتر لە ١٠ پیاوم وەرگرتوە کە ڕوبەڕوی کێشە بونەتەوە لەگەڵ هاوسەرەکانیان و ئەوانەی لێرەدا خراونەتە ڕو، بەشێکی کەمی چیرۆکەکان بون.

ئەو پیاوانەی وتوێژم لەگەڵ کردون، هەمویان جۆرێک لەپەشیمانیان تێدا بو و هەڵپەی دۆزینەوەی ڕێگەیەکیان بو بۆ ئەوەی خێزانەکانیان بگەڕێننەوە، ئەم خواستە چ لە قسە کردن و چ لە ڕوخسای شێواویان دا بەدی ئەکرا، بەڕادەیەک یەکێک لە پیاوەکان ئەڵێت: «بۆ ئەوەی خێزانەکەم ڕازی بکەم بە گەڕانەوەی بۆلام، بەڵێنی تاپۆکردنی هەمو موڵک و ماڵەکەمم پێدا، بەوەش ڕازی نەبو»

هەرچی ئەو ژنانەشی کە بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە دواندومانن، پێچەوانەی ژنانی کوردستان و پیاوەکانیان، دوای جیابونەوەیان نەک هەنگاوی نزیک بونەوەیان نەناوە بە ئاراستەی گەڕانەوە بۆ لای پیاوەکانیان، بگرە هەندێکیان ناو و ئەدرەسی خۆشیان گۆڕیوە، بۆ ئەوەی هاوسەرەکانی پێشویان نەیاندۆزنەوە.

یەکێک لەو ژنانە، بەگوزارشتێکی ڕون، پێیوتم: «پیاوەکەم بەجەستە لە ئەوروپا و بە عەقڵ لەکوردستانە، بە هەمان عەقڵی کوردستان هەڵسوکەوت دەکات و ناشیەوێت بگۆڕێت».

وتیشی: «نەک پیاوەکەم ناوێتەوە، بگرە حاشا لەو چەند ساڵەش ئەکەم کە لە گەڵی بوم».

ئەم دو تێڕوانینە، دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە ئەبێت هاوسەرەکان لەیەک گەیشتنیان پەرەپێبدەن و شێوەی ژیانیان بگونجێنن لەگەڵ ژینگەی یاسایی و کۆمەڵایەتیی ئەوروپادا، ئەگەر نەگونجێن لەگەڵ ئەو ژیانە ناتوانن درێژە بە هاوژینییان بدەن.



# کچێک خەمی ڕۆشنبیریی ژنانی گەرمیانی لەکۆڵ ناوە



■ نەوژین، پەیام لەتیف

**لەنێو ئەو هەمو قەیرانە سیاسی و ئابوریەی بەرۆکی کوردستانی گرتوەو کاری کردوەتە سەر سەرجەم لایەنەکانی ژیان بەگشتی و کایەی روشنبیری بەتایبەتی، بەڵام کچێک لەگەرمیان، لێبڕاوانە کار لە کایەی روشنبیری دا دەکات و خەمخۆرانە شانی داوەتە ژێر پرۆژەی جۆراوجۆر بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ژنان و بروەدان بە ئاستی ڕۆشنبیریان. ئەو کچەش، (نزا محەمەد)ە.**

نزا، لەساڵی ٢٠٠٦ وە دەستی بەکاری مەدەنی و رێکخراوەی کردوەو سەرەتاش لەروژنامـەی (کەنـار) و پاشـکۆی (باریـن) کەتایبەت بـوە بەئافرەتان، کاری کردوە.

ئـەو لەچەندین بواری رۆشـنبیری و رۆژنامەوانی دا چالاکیی هەیە، دیارترین پـرۆژەش کە خـۆی زۆرتـر جەختی لێدەکاتەوە، گروپی مەسـتورەیە، کە گروپێکی رۆژشنبیریی تایبەت بە ژنانەو ژمارەیەک کچی سنوری گەرمیان بۆ بروەدان بە لایەنی رۆشـنبیریی ژنان، ماوەی زیاتر لە سـێ ساڵە دایانمەزراندوە.

وەک لە دیدارێکی رۆژنامەی (نەوژیـن) دا ئامـاژەی بۆکرد، لەسـاڵی ٢٠٠٨وە تائیسـتا دەسـتی بەکارە روشـنبیریەکانی کـردوەو سەرپەرشـتی زۆر کاری کردوە، بـەو ریژەیـەی کە وەکخـۆی دەڵێت: «کارەکان هێندە زۆرن ناتوانم بیانژمێرم، لەوانەش: دیداری مەستورە و پروژەی هۆشیاری تایبەت بەچۆنیەتـی مامەڵەکردن لەگەڵ منالان و هەروەها لەبواری گەشـەپێدانی مرۆیش سەرپەرشتی تیمـی مالـی سـەرکەوتن دەکەم».

بەڵام ئاماژەی بەوەکرد کە لەنێو هەمو کارەکانیدا ئەنجامدانی دیداری مەستورە بۆ خانمانی نوسەر لە گەرمیان، شتێکە ناتوانێت لەبیری بکات.

لەبواری روشـنبیری تەندروستیشـدا، ئەم کچە مـاوەی ٣ سـاڵە لەرێگەی گروپەکەیانـەوە پرۆژەی هوشـیاری تەندروسـتی تایبەت بە شـیرپەنجەی مەمک بەهاوکاری سەنتەری هۆشیاری تەندروستی سلێمانی جێبەجێ دەکات. لەوبـارەوە دەڵێـت: «پرۆژەکەمـان گەیاندوەتـە زۆربـەی قوتابخانەکانی تایبـەت بەکچان، ئەمـە جگە لەوەی مـاوەی ٥ سـاڵە کار بو رۆشـنبیری تەندروسـتی خانمـان لەکـەلاردا دەکەین».

زۆرینەی کارەکانی نزا، بەخوبەخشـی ئەنجامـی دەدات. لەوبـارەوە دەڵێت: «من حەز بـەکاری گـروپ دەکەم و کچانـی گروپـی مەسـتورە هاوکاریم دەکەن و لەدەرەوەی مەسـتورەش من هەر بەگروپ کاردەکەم، چونکە ئێستا کاری گروپ جێگەی هەر کارێکی تری کەسیی گرتوەتەوە، هەمو کارەکانیش بە خۆبەخشی ئەنجامدەدین».

ئەم کە لەئێستادا سەرپەرشتیاری گروپی مەستورەیە کەتایبەت بەرۆشنبیرکردنی کچـان لەرێگـەی ئەنجامدانی چالاکی رۆشـنبیری جۆراوجـۆر، ئەمەش هەر بەخۆیەوە نەوەسـتاوە، بەڵکو هەوڵی بیرفروانکردنـی چەندیـن کچی داوە. دەڵێت: «من ئێستا هەست بەجیاوازی کچانی مەسـتورە دەکەم لەچاو کچانی تر».

لەبواری خوێندنیشـدا دەرچوی بەشی زمانـی ئینگلیزی زانکۆی سـلێمانیە، چـوار زەمـان دەزانێـت (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی وفارسی)، ئێستاش مامۆستایە لەقوتابخانەیەکی ئەهلی.

لەسـەر تێڕوانینی خێـزان و کۆمەڵگا بـۆ کارەکانـی، (نزا محمـەد) وتی: «خیزانەکـەم زۆر هاوکارمـن، چونکە جاری واهەیە من شـەش رۆژ لەماڵەوە نەبوم، ئەگـەر هاوکاری ماڵەوە نەبێت کارکردن زۆرقورسە».

وتیشـی: «ئـەوان رێنیشـاندەر و سەرمایەیەکی گەورەی منن».

یەکێک لە ئاستەنگە گەورەکانی بەردەم ئەو ژنانەی لەگەرمیـان دا دەیانەوێت چالاکی جیاواز پێشکەش بکەن، رێگری کۆمەڵایەتی و توانـج و تانەیە. (نزا) لەوبارەوە دەڵێت: «خەڵک قسـە زۆر دەکەن، بـەڵام گرنگ ئەوەیە تۆ بزانی چی ئەکەی و قەناعەتـت بەکارەکەی خوت هەبێت و بزانیت باشە، ئیتر ئەو قسانەی خەڵک گرنگ نیە».

نـزا کەباگراوەندێکـی ئاینـی هەیەو کەسـێکی پابەندە بەئاینەوە، پێیوایە کەزۆرجار بەهەڵـە لێکدانەوە بۆ ئاین کـراوەو وەکـو هـۆکار و پاسـاوێک بـۆ پێشـێلکردنی مافەکانـی ژنان وێناکـراوە. دەڵێـت: «بەهـۆی ناشارەزایی ئافرەتی ئێمە بەرامبەر دینەکـەی، بۆیە تائێسـتاش لەلایەن دەوربەرەوە سـتەمی لـێ دەکرێـت، ئەگینا ئەو مافانەی لەئاینی ئیسـلام دانراون وەک خۆی بەژن نەدراوە».

قەیرانـی دارایـی کاریگـەری هەبـوە لەسـەر کەمبونەوی چالاکی روشـنبیری لەهەمو بوارەکاندا، وەک (نزا محەمەد) و تی: «کا یـە ی رۆشـنبیری ساردەو ساردتریش بوەتەوە، ئـەوەی کـە منیش توانیومـە بەردەوام بم تموحی تایبەتی خۆم بـوە، ئەگینا چەندین جار دەرفەتی جێهیشتنی ئێرەم بو رەخساوە، بەڵام نەڕۆشتوم، چونکە ئێرە وێرانەیەو پێویستە کەسانێک هەبـن بەکارەکانیـان ئاوەدانی بکەنەوە».

جەختیشـیکردەوە: «هەمو دڵخوشـیەکانی مـن بەهـۆی کارەکانمەوەیە»





# ئەلیف شەفەق، ڕۆماننوسێکی تایبەت

■ نەوژین

**ڕۆماننوسان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرن، لە تورکیا بەتایبەتی، کەتیایاندایە گەشتوەتە ئاستێک کە خەڵاتی (نۆبڵ) بەدەست بێنێت، بەڵام لەنێو ئەو هەمو ڕۆماننوسانەدا، ژنێک وەک چۆن شەبەق ئاسمان رون دەکاتەوە، ئەویش دەلاقەیەکی روناکی لە ئاسمانی ئەدەبیات لەم پارچەیەی گۆی زەوی کردوەتەوە، ئەویش (ئەلیف شەفەق)ە.**

> ژنان باشتر لەپیاوان دەتوانن چیرۆک بگێڕنەوە

> ئەلیف، خاوەنی ١٢ کتێب و ڕۆمانە، هەمویان ناسراو و گرنگن

شـەفەق، بەیەکێـک لەدیارتریـن رۆماننوسـانی تورکیـاو رۆژهەلاتـی ناوەڕاست هەژمار دەکرێت، نەک هەر لەم ناوچەیە، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش خاوەنی ناوبانـگ و خوێنەرێکی زۆرە، بەشـێوەیەک بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە ٣٠ زمانی دونیا وەرگێڕدراون.

ئەم ژنە نوسـەرە، لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٧١ لـە سـتراسـبۆرگ هاتوەتـە دونیاوە، باوکی فەیلەسـوفی ناسراوی تورکیـا (نوری بیلگین)ەو دایکیشـی ژنە دیپلۆماتکار (شـەفەق ئاتیمان)ە، کەلە تەمەنی ١ سـاڵدا دایک و باوکی لەیەک جیابونەتەوەو ئەم لەلای دایک و داپیرەی گەورە بوە، هەربەمهۆیەشەوە خۆی بەناوی دایکییەوە ناساندوە.

ئەم ژنە منالی و گەنجیی لە نێوان شارە جیاوازەکانـی ئەسـتەنبوڵ و عەمان و مەردید و کۆڵن بەسەر بردوە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانسـتە سیاسیەکان لـە تورکیا بەدەسـتهێناوەو بڕوانامەی ماسـتەر لە (جێنـدەر و توێژینەوەی ژنان) و بڕوانامەی دکتۆراشـی لەسەر (ئیسلام و ژن و سۆفیگەریی) بەدەست هێناوە.

نوسـینەکانی (ئەلیف شـەفەق) بەوە جیادەکرێتەوە کەلە بواری سۆفیگەرییدا زۆرتـر قاڵەو خاوەنـی باکگراوەندێکی زۆر دەوڵەمەندە لـەو بوارەدا، ئەمەش هاوکارییکـردوە کە ڕۆمانە بە پێزەکەی «٤٠ یاسـاکەی عەشق» بنوسێت، کە ئەم ڕۆمانـە خاوەنی ناوبانگێکی زۆرەو بۆ دەیان زمانی دونیا وەرگێڕدراوە.

ئەلیف، ئامـاژە بـەوەدەکات، چونکە لەنێو خێزانێکدا ژیاوە کە هەمویان ژن بون و پیاویان لەنێوانـدا نەبوە، ئەمە کۆمەکیکـردوە بۆ ئـەوەی هەیمەنەو باڵادەستی نێرانەی بەسەرەوە نەبێت و لەژێر کۆت و بەند دا نەبێت.

دەڵێت: «ژنان باشتر لەپیاوان دەتوانن چیـرۆک بگێڕنەوە، بۆیە منیش بەهۆی ئەو دۆخە خێزانیـەی کەهەمبو و هیچ قورسـایی و هەیمەنەیەکـی نێرانـەم بەسـەرەوە نەبو، ئەمە ئازادیی پێدام کەباشتر بنوسم و بکۆڵمەوە».

پرسی ژن و ناموسپارێزیی، یەکێکە لە باسە ئاڵۆز و پڕکێشەکانی کۆمەڵگاکان بەگشـتی و کۆمەڵـگای رۆژهەڵاتیـی بەتایبەتـی، ئەلیف خۆی لـەم بابەتە نەبـواردوە، بەڵکو لـە رۆمانەکانی دا، بە وردیی لەسـەر ئەم کێشەو پرسانە وەستاوە.

ئەلیف شـەفەق، خاوەنـی ١٢ کتێب و رۆمانـە، هەمویـان تاڕادەیەکی زۆر ناسراو و گرنگن، یەکێک لە ڕۆمانەکانی دەستبردنە بۆ دۆسـیەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنـەکان، کەبەمهۆیـەوە روبەڕوی دادگا کرایـەوەو پاشـان سـکاڵاکەی لەبەرامبەر کێشرایەوە.

لەئێستادا جگە لەنوسینی رۆمان، وەکو مامۆستای زانکۆ لە ئەمریکا کاردەکات و خاوەنـی دو منالەو هاوسـەرەکەی رۆژنامەنوسە.

ئەلیف، سەرباری نوسـینی ئەدەبی و کاری ئەکادیمـی، هاوکات خاوەنی زۆر وتار و نوسـینی دیکەیـە، بەتایبەتی زۆر بەرەنگاریـی ئەو تەوژمـە ئاینییە دەبێتـەوە کە خەریکـە بەتەواویی باڵ بەسـەر تورکیادا دەکێشـێت لەپاش گەورەبونی دەسـەڵاتی (ئەردۆگان) و پارتەکـەی. ئەو داکۆکیـی لە ئازادیی و پێکەوەژیانـی نەتـەوەو پێکهاتـە جیـاوازەکان دەکات و بەتوندیی بەگژ بیرۆکەی بە ئاینییکردنـی کۆمەڵگەدا دەچێتەوە، لەمەشدا پشت ئەستورە بە بیروڕای سۆفییە ناسراوەکانی ئیسلام.

لەوبـارەوە نمونەی وتەیەکی سـۆفیی ناسـراو (ئیبن عەرەبی) دێنێتەوە کە دەڵێت: «من دوای ئاینی خۆشەویستی کەوتوم لەهەرکوێیـەک بێت، تەنانەت ئەگەر لای جوەکانیش بێت».

# کچانی گەرمیان هیچ گۆڕەپانێکیان نییە بۆ وەرزشکردن

## کچێک: نەبونی گۆڕەپانی کراوە وای کردوە ئێمەی کچان لە وەرزشکردن دا ببڕێین



■ نەوژین،
سەرگوڵ خەلیل- ئالا عەزیز

**ساز، کچێکی گەنجی دەرچوی زانکۆیە لەگەرمیان، ئەو بەشی وەرزشی تەواو کردوە، بەو هۆیەی کە حەزی لە وەرزش کردن بوەو ویستویەتی پەرەی پێبدات، بەڵام لەگەڵ تەواوکردنی زانکۆ، لەئێستادا گەورەترین خەمی ئەو، نەبونی شوێنی کراوەیە بۆ ژنان کەبتوانن وەرزش بکەن، بەتایبەتی راکردن و بەپێ رۆشتن. وتی: «نەبونی شوێن، ئێمەی لە ئاواتەکەمان دابڕیوە».**

لەگەرمیان و قەزای کەلار بەتایبەتی، سەرباری بونی چەندین یاریگاو گۆڕەپانی وەرزشی بۆ رەگەزی نێر، بەڵام شوێنێکی کراوەی تایبەت بە ئافرەتان بونی نییە کەبتوانن وەرزشی تێدا بکەن، هەر ئەمەشە کەبەوتەی خۆیان بوەتە هۆی دورکەوتنەوەی خانمە وەرزشوانەکان لەوەرزش و گلەیی ئەوە دەکەن وەک پێویست ئاوڕ نەدراوتەوە لە ئافرەتان لەم بوارەدا.

ساز عەبدولرەحمان، ئەو کچەی کە دەرچوی بەشی وەرزشی زانکۆیە، لەمبارەیەوە بۆ (نەوژین) وتی: «نەبونی جێگای لەم شێوەیە بۆ ئافرەت وای کردوە کە ئێمە لە وەرزشکردن دا ببڕێین و سارد ببینەوە».

وتیشی: « ئەگەر شوێنێک هەبوایە بۆ ئافرەتان، ئەوا زیاتر رویان لە وەرزش دەکرد و گرنگی زیاتریان پێ ئەدا بۆ بەرەوپێشچون لەو بوارەدا».

لەگەرمیاندا ژمارەی کچانی وەرزشکار کەمە، ئەگەرچی ناوچەکە خاوەنی چەندین ناوەندی پێگەیاندنی وەرزشییە، هەر لە کۆلێژ و پەیمانگا، ئەمە سەرباری قۆناغەکانی تری خوێندن کە بەردەوام چالاکیی وەرزشییان هەیە، بەڵام سەرباری ئەوەش، تەنانەت دەرچوانی زانکۆش لە بەشی وەرزش، بەشی پێویست گرنگیی بە وەرزش نادەن بەتایبەت دوای دەرچونیان. دەرچویەک، ئەم حاڵەتە گرێیدەداتەوە بە نەبونی یاریگاو گۆڕەپانی کراوەی وەرزشیی بۆ کچان.

«من لە زانکۆ بوم باشتر بوم، بەڵام دوای ئەوەی دەرچوم، هیچ شوێنێک شک نابەم بۆ بەردەوامی لەسەر وەرزش و بتوانم لە بوارێکی وەرزشی خزمەت بکەم». ئەمە قسەی (سازگار)ە، بو کە دوای تەواو کردنی بەشی وەرزش دابراوە لەو بوارە.

وتیشی: «بە پلەی یەکەم نەبونی شوێنێکی تایبەت و تاڕادەیەکیش نەبونی هۆشیاری لای خەڵکی، وای کردوە کە بواری وەرزشی کچان لە ناوچەکە لە ئاستێکی نزمدا بێت».

بەڵام پرسیار ئەوەیە: بۆچی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کارێک بۆ دروستکردنی گۆڕەپان و یاریگای تایبەت بە ژنان ناکەن؟

ئەم پرسیارەمان ئاراستەی بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی کەلار کردەوە.

قەیس سەعدوڵڵا، دانی بەوەدا نا کەپێویستە حکومەت لەمبارەوە هەنگاو بنێت، بەڵام ئەوکارەی بەگەورەتر لە سنوری دەسەڵاتی خۆیان زانی.

بۆ (نەوژین) وتی: «کردنەوەی شوێنێکی لەم شێوەیە لەدەسەڵاتی ئێمەدا نیە و پێویستە حکومەت جێبەجێی بکات».

جەختیشیکردەوە: «دروستکردنی شوێنێکی لەم شێوەیە بۆ ئافرەتان ئەرکی حکومەتە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا دروستنەکراوە».

لەگەڵ ئەوەدا، بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی کەلار، ئاماژەی بەوەکرد کە پێویستە کچان خۆشیان بێنە پێشەوەو بتوانن پەرە بەتوانا وەرزشییەکانیان بدەن و لەسەر هاوکارییکردنی حکومەت نەوەستن.

لەوبارەوە وتی: «پێویستە ئافرەتان خۆیان بێنە پێشەوە و داوا بکەن بۆ ئەوەی داواکانیان جێبەجێ بکرێت».

لەبەرامبەریشدا، کچان ئاماژە بەوەدەکەن کە حەز و خولیایان هەیە لەبواری وەرزش دا، بەڵام بەوپێیەی زەمینەیان بۆ نەڕەخساوە، ناتوانن پەرە بە بەهرەکانیان بدەن، دەبێت بەناچاریی دەستبەرداری ئەو حەزانەیان بن.

نازەنین کەریم، خوێندکاری ئامادەییە و خولیای وەرزشی هەیە، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) قسەی کرد و وتی: «من زۆر حەز بە وەرزش ئەکەم، بەڵام شوێنێکی کراوەی وەک باخچەیەک یان یاریگایەک نیە کە ئافرەتان بتوانن وەرزشی تێدا بکەن».

ئەوکچە پێیوایە کە نەبونی شوێنی تایبەت بەوەرزشی ئەوان تەنها کێشەیەک نییە، بەڵکو هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ پاشەکشەی کچان لە وەرزش. دەڵێت: «ئەمە بوەتە هۆکارێکی وا کە رێگر بێت لە بەردەم ئەوەی ئێمەی کچان رو لە وەرزش بکەن».

بەپشت بەستن بەم هۆکارە، (نازەنین) پێیوایە کە ئەم حاڵەتە وایکردوە رێژەی کچانی وەرزشکار لە ناوچەی گەرمیان کەمتر بێت بە بەراورد بە ناوچەکانی تر «هەر لەبەر ئەمەیە کچانی گەرمیان لە بواری وەرزشدا ژمارەیان کەمەو بەشی پێویستیش بەرەوپێشەوە نەچن».

---

# «لەگەرمیان گرنگی بە کچانی وەرزشکار نادرێت»

■ نەوژین، بێریڤان محەمەد

**لەمناڵییەوە خولیای وەرزش لەناخییدا بوە، ئەم خولیایەی پەرەپێداوەو کاری لەسەر کردوەو تێکۆشاوە، توانیویەتی لەماوەیەکی کەمدا ببێت بە وەرزشکارێکی دیار و پلەو ئاستێکی باش بەدەست بێنێت و چەندین خەڵات بباتەوە، لەئێستاشدا بەهۆی نەبونی یانەیەکی ئەوتۆ کە برەو بە تواناکانی بدات، بەناچاری گەرمیانی جێهێشتوەو روی لە یانەیەکی سلێمانی کردوە.**

**ئەم پوختەو کورتکراوەی چیرۆکی کچە وەرزشکاریی گەرمیانی: (سارێژ)ە.**

سارێژ فەتحوڵڵا عەلی، لەساڵی ١٩٩٤ لە قەزای کەلار هاتوەتە دنیاوە، ئێستا لە ریزی یانەی (سیروانی نوێ) لە شاری سلێمانی یاری گۆرەپان و مەیدان دەکات.

لەبەسەرکردنەوەیەکی رۆژنامەی (نەوژین) دا، لەسەر سەرەتاکانی خۆی و قۆناغەکانی پەرەدان بەتواناکانی و هەروەها ئێستا و داهاتوی وەرزشی ژنان لەگەرمیان، قسەی کرد.

لەدەستپێکدا (سارێژ) گەڕایەوە بۆ سەرەتای چونە نێو دنیای وەرزشیەوە و وتی: «لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستم بە یاری تۆپی پێ کردوە، ئەو کاتە یاری تۆپی پێم کردوە تاکە کچ بومە لە شاری خانەقین ئەو کارە بکەم و لە ریزی یانەیەکدا و لە بواری تۆپی پێدا تواناکانی خۆم پیشان بدەم».

ئەم کچە وەرزشوانە، توانا وەرزشییەکانی خۆی خستوەتە قاڵبێکی ئەکادیمییەوەو هاوشانی یاریکردن، لەروی خوێندنیشەوە لە بواری وەرزشدا خۆی بینیوەتەوە.

وتی: «لەساڵی ٢٠١٤ پەیمانگای وەرزشیم تەواو کردوەو هەر لە هەمان ساڵدا چومە یانەی (سیروانی نوێ) و لەوێوە دەستم بە یاری گۆڕەپان و مەیدان کرد و ئێستا لە زانکۆ لە بەشی وەرزش درێژە بەخوێندن دەدەم».

ئەم کچە باسی لە سەرکەوتنەکانی خۆی بۆ (نەوژین) کرد و وتی: «لە ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر لە ساڵی ٢٠١٦ بەشداریم کرد و لە نێو ٥ هەزار کەس توانیم پلەی دوەم بەدەست بهێنم و لە ساڵی ٢٠١٧ لە ماراسۆنی گەرمیان پلەی یەکەم بوم».

لەبارەی دەستکەوت و خەڵاتەکانیشیەوە، (سارێژ) ئاماژەی بەوەکرد «دیارترینیان مەدالیای پاڵەوانێتی ٢٠١٦ی هەولێرە کە بەدەستم هێناوە و جگە لەوەش لەسەر ئاستی کوردستان و چەندین جاریش لەسەر ئاستی عێراق دوەم و سێیەمی پێشبرکێکانی گۆڕەپان و مەیدان بومە».

زۆرێک لە کچانی گەرمیان حەز و ئارەزوی زۆریان هەیە بۆ وەرزش، بەڵام کۆمەڵگا یا نەبونی شوێنێک وای کردوە دور بکەونەوە لە وەرزشکردن، تائێستاش ئەم بوارە، بوارێکە کە زۆرتر وەکو قۆرغکراو بۆ کوڕان وێنا کراوە.

بەڵام (سارێژ) ئەوە رەد دەکاتەوەو بەڵکو پێیوایە کچانیش هاوشانی کوڕان، دەتوانن لەم بوارەدا سەرکەوتو بن و دەستکەوتیان هەبێت.

لەلایەکی دیکەوە، بەردەوام رێگرییە خێزانیی و کۆمەڵایەتییەکان، وایانکردوە کە کچان کەمتر زاتی ئەوە بکەن رو لە بواری وەرزش بکەن، بەوپێیەی زۆرێک لە خێزانەکان رێگە نادەن کچەکانیان بچنە بواری وەرزش و یاریی بکەن، ئەگەرچی خاوەنی خولیاو تواناش بن لە بوارەکەدا.

بەڵام ئایا رەوشەکە لەخێزانی (سارێژ) دا چۆن بوەو خێزانەکەی تاچەند رێگرییان لێکردوە؟

لەوەڵامدا وتی: «خێزانەکەم زۆر هاوکاریم دەکەن، بەتایبەت دایکم، وای کردوە بەم رۆژە بگەم».

ئەو هاوکات مامۆستاکانیشی لەبیر نەکرد و ئەوەی خستە رو کەهاوکاریی و پشتیوانی ئەوانیش بونەتە مایەی ئەوەی کە بتوانێت لە بواری وەرزش دا بەردەوام بێت و بگرە پەرەش بە کار و چالاکییەکانی بدات.

هاوکات لەگەڵ رێگرییەکان، نەبونی یانە یان بەشی تایبەت بە کچان لەیانەکان دا لە سنوری گەرمیان، وایکردوە ئافرەتان ئەو حەز و ئارەزوەی بۆ وەرزش هەیانە لە دەستی بدەن، یان ئەو پێشکەوتنەی کە خۆیان دەیانەوێت و لێیان چاوەڕێ دەکرێت، بەدیی نەهێنن.

سارێژ، لەمبارەیەوە بۆ (نەوژین) وتی: «لەگەرمیان گرنگی بە کچانی وەرزشکار نادرێت، لەهەمو رویەکەوە کەموکورتیی هەیە بۆ وەرزشی کچان، بۆیە داواکارم سنورێک بۆ ئەو گرنگیی پێنەدانە دابنرێت و شوێن و یاریگاو ستافی باش دروست بکرێن و پێکبهێنرێن بۆ برەودان بە وەرزشی کچان و کچانی وەرزشکار».

> لە ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر لە نێو پێنج هەزار کەس پلەی دوەم بوم



# ژن و کەلتوری کوردی



داب و نەریت حوکمەکانی لەسەر ژن تا ئەو پەڕی توند و دڵڕەقانەیە

■ ئاواز نەجم

**کەلتور لەو کۆمەڵە یاسا و ڕێسایانە پێکدێت کە کۆمەڵگایەکی مرۆیی بۆ خۆی دایدەنێت، جا چ بە مەبەستی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ئەو کۆمەڵگایە بێت، یان بەخشینی تایبەتمەندی بێت بەو کۆمەڵگایە و جوداکردنەوەی لە کۆمەڵگاکانی تری دەوروبەری.**

واتا ئەکرێت بڵێین کەلتور کۆمەڵێک بنەمای گۆڕاوە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و تەنانەت لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری نێو هەناوی هەمان کۆمەڵگا دەگۆڕێت و یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کۆمەڵگایەکی پێدەناسرێت و تایبەتمەندی پێدەبەخشێت.
تاکەکانی نێو کۆمەڵگاش بە تێپەڕبونی کات بەو دەستور و ڕێسایانە ڕادێن و ممارەسەی دەکەن و ئەبێت بە شتێکی پیرۆز لەلایان، بەجۆرێک لادان لێیان بقەیەو هێڵی سورە و هەوڵدان بۆ بەزاندنیشی بە لەڕێلاچونی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی تەماشا ئەکرێت.
ئاستی پابەندبون و گرنگیپێدان بە کەلتور بەپێی ئەقڵییەتی کۆمەڵگا ئەگۆڕێت؛ بەنمونە: لە کۆمەڵگا شارستانی و پێگەیشتوەکاندا تا ڕادەیەک ئاستی پابەندبون بەکەلتور کاڵبوەتەوەو زیاتر گرنگی بە ئازادی تاک و خودسەنتەری ئەدرێت، بەڵام لە کۆمەڵگا نەریتی و داخراوەکاندا هەندێک جار ئەم عورف و ڕێسایانە ئەکەونە سەروی دەسەڵاتی شەرعی و یاساشەوە و بڕیار لەسەر گشت کایەکانی ژیان و ژیاری ئەو کۆمەڵگایانە ئەدا؛ هەر لە نەریتی سڵاوکردنێک تا دەگاتە کۆی جومگەکانی تری ژیان.
ئەوەشی پەیوەندی بە کەلتوری کوردییەوە هەیە، بەحوکمی ئەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی نەریتی و داخراوە، مێژوی شارستانیەتمان چەند سەدساڵێک ئەولاتر ناچێ و دەرگاکانی کرانەوەمان بە روی دونیادا دێری لەسەر ئاوەڵاکراوە؛ لەو جۆری دوەمین و کۆمەڵگایەکی زۆر وابەستەو پابەندین بە نەریت و عورف و عادەتی کۆمەڵایەتیمانەوە.
لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک نەریت و ئادابی جوانی کۆمەڵایەتیمان هەنە کەمن زۆر بەداخم بۆ کاڵبونەوەو فەوت بونی هەندێکیان، وەلێ حوکمەکانی لەسەر ژن تا ئەوپەڕی توند و دڵڕەقانەیە، کەلتورێکە کە مرۆڤی توندوتیژ بەرهەمدێنێ و هاتوە رەقەمی لەسەر ئاستی مرۆڤ بونمان داناوە. کەلتورێکی پیاوسالارەو پیاوانی خێڵ دایانڕشتوەتەوە و لە سۆنگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە حوکمیان بەسەر زۆرینەی شتەکاندا داوەو (چەندین تویکڵ و قاوغی دینی و ئەخلاقی بەبەرداکردوە تا دەستبردن بۆی وەک دەست بردن و شکاندنی شکۆی پیرۆزییەک بێت)، تێیدا ئافرەت کەرەستەیەو وەک موڵک یان هەر خاوەندارییەتێکی تری پیاو مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرێت. هەرلەمنداڵیشەوە زەمینەسازی ئەکرێت بۆ بونیادنانی کەسایەتییەکی کۆیلە و ملکەچ و چاولەدەست، مرۆڤێک خاوەنی بڕیاری خۆی، مافی خۆی و خودی خۆیشی نییە! شەرم وناموسی بنەماڵە ئەوەو تەوق و کۆتی شەرەفی لەمل نراوە و جیهانی بەرینی بەڕودا داخراوە و خزێنراوەتە نێو چواردیوار!
من پیاو بەتاکە تاوانبار نازانم لەم پرۆسەیەدا بەڵکو پێموایە ژن خۆی بەشداربوە لە داڕشتنەوەی ئەم کەلتورە، ئەسڵەن بۆ خۆی مامانی بۆ لەدایکبونی کردوەو پاڵی بە رەوڕەوەی بەردەوامیپێدانی ئەم کلتورەوە ناوە و ملکەچێتی و پەراوێزبون گرێ دەرونییە گەورەکەی مەیە و نەیهێشتوە هەرگیز هەڵوێستەیەک لەسەر شوێن و پێگەی خۆمان بکەین لەنێو خێزان و کۆمەڵگاماندا، هەرخۆمان دێین دیسانەوە نموزجێکی تری وەک خۆمان دروست ئەکەینەوەو فەزڵی منداڵە کوڕەکەمان ئەدەینە سەر کچەکانمان و بەردەوام ئەبین لە ڕێخۆشکەری و ئیدامەدان بەم کەلتورە دژە مرۆڤانەیە!
پەندێکی عەرەبی هەیە کەئەڵێت: «کەسێک خۆی هیچی پێ نەبێت چاوەڕێی بەخشینی لێناکرێ».
وایدەبینم تا ئافرەت هۆشیار نەکرێتەوەو فامی ئەوەی نەکات کە ئەویش مرۆڤێکی کامڵ و خوداکردە، هەرهەنگاوێکی تر بنرێت بەئاراستەی چارەسەری کەیسی ژندا، وەک ئەوە وایە دەست ببەی بۆ ناوقەدی مارێک و ئەمسەر و ئەوسەریت لێ مەعلوم نەبێ!
تا پیاویش لەوە حاڵی نەبێ هەتا ژن کە نیوەی ئەو کۆمەڵگایەیە بەشدارنەبێ لە کایە جیاجیاکانی ژیاندا، هیچ چاکسازی و بەرەوپێشچونێک ناهێتە گۆڕێ.





# منالانی ئیشکەر



ئیشکردنی منالان کاریگەری نەرێنی دادەنێت لەسەر لایەنی جەستەیی دەرونیان

منالانی ئیشکەر لە مەترسی کەمی سەلامەتی و سەختی ئیشەکان دەناڵێنن

■ ئاسیا حسێن

**ئەم دەستەواژەیە بەو منالانە دەوترێت کە لە خواروی تەمەنی ( ١٨ یان ١٦) ساڵی، رۆژانە لە نێو بازاڕ و کارگەکاندا ئیش دەکەن و بژێوی ژیانی خێزانەکان دابین دەکەن. لێک ترازانی خێزانەکان، جەنگ و ئاوارەبون، قەیرانە داراییەکان و هەبونی ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت هۆکارێکن بۆ هەڵکشانی ڕێژەی منالانی ئیشکەر.**

بە درێژایی مێژو منالانی ئیشکەر بەشێکی دانەبڕاو بونە لە هەمو کۆمەڵگایەکدا، بەڵام دوابەدوای شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی منالان، ئەم دیاردە بو بە جێی باس و ڕەخنە لێگرتن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی ئەو منالانە تا دێت لە هەڵکشاندایە.
منالانی ئیشکەر، لە قوتابخانە دادەبڕێن و تەمەنی منالی ئەزمون ناکەن. بێبەش دەبن لەو مافانەی لە هەمو ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤدا بۆ منالان تەرخان دەکرێن، بەڵکو ڕاستەوخۆ ئاشنای لایەنە دژوارەکانی ژیان دەبنەوە و دەکەونە مامەڵە و بازرگانی. ئیشکردنی منالان کاریگەری نەرێنی درێژخایەن دادەنێت نەک تەنها لەسەر لایەنی جەستەیی، بەڵکو لایەنی دەرونی منالانیش لەو کاریگەرییانە دەرباز نابن.
بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوەی جیهانی هێزی کار (ILO)، ساڵانە ٢٥٠ ملیۆن منالی ٥ بۆ ١٥ ساڵ لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا سەرقاڵی ئیشکردنن، کە ٦١٪ی ئەو منالانە لە کیشوەری ئاسیا و ٣٢٪ لە کیشوەری ئەفریقا و ٧٪ لە کیشوەری ئەمریکای لاتین دەژین.
چەند هۆکارێک کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی منالان بچنە بازاڕ و ئیش بکەن، وەکو: (لەدەستدانی بەخێوکەری خێزان، قەیرانە ئابوریەکان کە بەسەر وڵاتاندا دێن، جەنگ و ئاوارەبون و پەنابەری، یان هەندێک جار منالان بۆ دابینکردنی خەرجی خوێندنەکانیان رو لە ئیشکردن دەکەن).
دیاردەی ئیشکردنی منالان تەنها لە جیهانی سێیەمدا بونی نییە، بەڵکو لە ڕۆژئاوا و جیهانی پێشکەوتوشدا دەبینێرت و ئامارەکان ڕێژەی هەڵکشاوی ئەو منالانە دەخەنە رو. بۆنمونە، لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ساڵانە ٥٠٠,٠٠٠ منال لە کێڵگەکاندا ئیش دەکەن و ڕێکخراوەکانی مافی منالان لەو وڵاتە دەسپێشخەریەکی کاریگەریان نەکردوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ڕێژەیە. ڕێژەیەکی زۆری ئەو منالانە بریتین لە منالی خێزانە پەنابەرەکان بەتایبەت خێزانەکانی ئەمریکای لاتین.
منالانی ئیشکەر لە ژێر مەترسی کەمی خواردن و سەلامەتی و هۆشیاری، و سەختی ئیشەکان دەناڵێنن. ئەو منالانە لەلایەن خاوەن ئیشەکانەوە بەکاردەهێنرێن و بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئاستی توانا و هێز یاخود تەمەن چەندین ئیشی جۆراوجۆریان پێدەکرێت. تەنانەت هەندێکجار ئەو دەرامەتەی منالان لەم ڕێگەوە بەدەستی دەهێنن هیچی بۆخۆیان نامێنێتەوە و قۆرخ دەکرێت لەلایەن خاوەن ئیشەکەوە.
زیادبونی ڕێژەی منالانی ئیشکەر هاوشانە بە کەمبونی ڕێژەی منالانی قوتابخانە، و دەبێتە هۆکاری ڕاستەوخۆ بۆ دەرکەوتنی جیاکاری کۆمەڵایەتی و چینایەتی. لە ئەنجامیشدا هەژاری و نەخوێندەواری رەگ دادەکوتن.
ئیشکردنی منالان، منالان لە خوێندن و قوتابخانە دادەبڕێت و لایەنی وشیاری منالان دادەبەزێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا سەلامەتی جەستەی منالان دەخاتە مەترسیەوە. بە پێی ئامارەکەی (ILO)، تەنها لە ئەمریکا ساڵانە بەلایەنی کەمەوە ٥٠ منال لە بەر سەختی ئیشەکان گیان لەدەست دەدەن.
بەربڵاوترین ئەو نەحۆشیانەی کە منالان بەهۆی ئیشکردنەوە توشی دەبن، وەکو: (تێکچونی سیستەمی بەرگری لەش، لەدەستدان یان شکانی ئێسک، سوتانی پێست، تەنگەنەفەسی، سەر ئێشەی درێژ خایەن بەهۆی ئیشکردن لە کەشێکی زۆر گەرم یان سارد و ئەو کاریگەرییانەی لەسەر سەلامەتی ئەندامی بینین و بیستنیان دروست دەبێت).
لە بەندەکانی تایبەت بە مافی منالان ئاماژە بەوە دەکرێت دەبێت منالان کاتەکانیان لە قوتابخانە و ناوەندە ئەکادیمی و هونەرییەکان ببەنە سەر و دور بن لە ئیشکردن یان ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ لایەنە دژوارەکانی ژیان، بەڵام هۆکارە نالەبارە ئابوری و کۆمەڵایەتیی و ناوچەیی و نەتەوەییەکان بەردەوام منالان دەنێرنە بازاڕەکان و تەندروستی جەستەیی و دەرونیان دەکەوێتە مەترسیەوە.



# نەشتەرگەریی جوانکاریی لوت تا چەند زیانی هەیە بۆ ژنان؟

## دیدارێک لەگەڵ پزیشکێکی لوت و قورگ و گوێ لەگەرمیان

▪ **نەوژین،**
**سۆزان خەلیل- رۆژان عەزیز**

**لەئێستادا ئەنجامدانی نەشتەگەریی جوانکاریی لوت، بوە بە حاڵەتێکی تەندروستی باو لەناو ژنان دا بەگەرمیانیشەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەم کارە تاچەند ئاساییە؟ ئایا کێشەو لێکەوتەکانی چین؟ چ کاریگەرییەکی باش و خراپی هەیە بۆ سەر تەندروستی ژنان؟**
**لەم دیدارەدا د.ئارام عوسمان عەبدولڕەحمان، پزیشکی راهێنراوی قوڕگ و لوت و گوێ، باسی سودو زیانی نەشتەرگەری جوانکاری لوتمان بۆ دەکات.**

*** ئایا دیارترین ئەو نەشتەرگەرییانەی کە بۆ لوتی ژنان دەکرێت لەگەرمیان چین؟**
زۆرینەیان نەخۆشی (هەوکردنی گیرفانەکانی لوت (التهاب الجیوب الأنفیه)یان هەیە، لەگەڵ بونی گرێی دیواری ناو لوت و گۆشتی زیادەی لوت.

*** هۆکاری ئەم حاڵەتە چییەو چۆن توش دەبن؟**
هۆکاری زۆرە، بەڵام دیارترینیان لەرێ لادان واتا «انحراف»ی دیواری لوتە، لەگەڵ گیرانی کونی لوت.

*** بەڵام ئایا ئەو نەشتەرگەریانەی ژنان دەیکەن، لەبەر نەخۆشییە یان بۆ جوانکارییە؟**
نەشتەرگەری لوت جۆری زۆرە، وەکو: گۆشتی زیادە، گیرفانەکانی لوت، جوانکاریی، و ...هتد. بەوپێیەش بێت هەندێکیان بۆ جوانکارییەو هەندێکی تریان بۆ لایەنی تەندروستییە.

ئەوانەی گەنج نین چارەسەری کێشەکەیان دەوێت و جوانکارییان بەلاوە گرنگ نییە

*** لەکاتی پلان دانان بۆ نەشتەرگەریی بۆ ژنان، پرسیان دەکەن ئایا جوانکاریشی لەگەڵ بێت یا هەر چارەسەری نەخۆشییەکە؟**
بەڵێ، پرسی نەخۆش دەکەین ئایا هەر چارەسەر بێت یان جوانکاریشی لەگەڵ بێت، زۆربەیجار گەنجەکان لەهەردو رەگەز داوادەکەن جوانکاریشی لەگەڵ بێت، بەڵام زیاتر ئەوانەی گەنج نین تەنها داوای چارەسەری کێشەکەیان دەکەن و جوانکارییان بەلاوە گرنگ نییە.

*** ڕێژەی سەردانی نەخۆش لە ژن و پیاو چۆنە لەگەرمیان؟**
ئەتوانین بڵێین ڕێژەکەی یەکسانە، بەپێی هەر پزیشکێکیش ڕێژەکە دەگۆڕێت.

*** تەمەنی دیاریکراو بۆ نەشتەرگەری هەیە یا لەچ کاتێک رێگە پێدراوە؟**
تەمەنی نەشتەرگەری زیاتر لەنێوان (٢٠-٣٠) ساڵە، ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لوت بۆ منداڵ زۆر کەم و سنوردارە لەروی تەندروستیەوە، زۆرجاریش لە١٨ ساڵ بەرەو سەرەوە دەبێت.

*** لەچ کاتێک دا نەشتەرگەری بۆ منداڵ دەکرێت؟**
ئەگەر لوتی بشکێت و هەناسەی توند بێت و کاریگەری لەسەر ژیانی هەبێت، ئەوکات نەشتەرگەری بۆ دەکرێت.

*** بۆچی دەڵێین لە ١٨ ساڵ بەسەرەوە نەشتەرگەری بۆ دەکرێت؟**
ئەوەش هەیە، چونکە هێشتا ئێسقانی لوتی لەگەشەدایەو بەتەواوی یەکینەگرتوە، ئەو ئێسقانانە لە نزیک تەمەنی ٢١ ساڵی ئینجا گەشەی تەواودەبێت بەتەواویی.

*** نەشتەرگەری جوانکاریی چەند کاتی پێویستە تاچاک دەبنەوە؟**
دوای ٣ رۆژ فتیلەکە لە لوتیان لادەبەین و دوای ٥ رۆژ پلاستیکی ناو لوت لادەبرێت وەتا ١ مانگ یا زیاتر پێویستە ئاگای لێبێت لەکاتی نوستن و دەموچاو شوشتن ئازاری لوتی نەدات تا ئێسقانەکان بەتەواوی یەکدەگرن، بە تەواوی ٣ مانگ بۆ ٦ مانگ ئازاری لوت دەمێنێتەوە، چونکە لەکاتی جوانکاریدا دیواری لوت دەڕوخێنین و دوبارە بنیاتی دەنێینەوە.

*** تاچەند ئەوانەی نەشتەرگەری دەکەن رازین یان رەخنەیان هەیەو پەشیمان دەبن؟**
بەزۆری، نزیکەی ٦٠٪یان رازین، بەڵام هەندێکیشیان دواتر دێنەوەو جوانکاریەکەیان بە دڵ نییە و داوای گۆڕانکاریی دەکەن.

*** ئایا نەشتەرگەریی جوانکاریی لوت لەروی تەندروستیەوە زیانی هەیە؟**
تەنیا کاریگەری دەرمانی سڕکردنەکە «بنج»مەترسیدارە بۆ سەر نەخۆش وەک هەمو نەشتەرگەریەک، هەندێکجاریش دوای نەشتەرگەرییەکە روداوی دیکە رودەدات وەکو خوێن بەربون و هەوکردن و ئەوانەش چارەسەریان هەیە.



---

# گرنگیی رێکخستنی خەوی منداڵی تازە لە دایک بو

▪ **نەوژین، نازەنین گۆران**

**هەمو منداڵێک کە تازە لەدایک دەبێت پێویستی بەگرنگیەکی زیاترە لەوەی کەدەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو لەروی خواردن وپاک کردنەوە، لەهەموی گرنگتریش خەوتن. هەمو دایکێکیش ئارەزو دەکات منداڵەکەی بەپێ پێویست بتوانێ بخەوێت بۆ چەند کاتژمێرێک بەبێ گریان. پرسیار ئەوەیە دایکان چۆن بتوانن خەوی منداڵەکانیان رێک بخەن؟**

زۆربەی ئەو منداڵانەی کەتازە لەدایک دەبن هەست بەخەوتن و ماندوبون دەکەن وهەڵناسن، تەنها ئەو کاتانە نەبێت کەپێویستییان بەشتێکە، بەڵام کێشەی هەمو دایکێک ئەوەیە کە خەوی منداڵەکانیان ناگونجێ لەگەڵ خەو و کاری خۆیان.
پێویستە هەمو دایکێک بزانێ هۆکاری سەرەکی بۆ خەبەر بونەوەی منداڵ لەخەو، هەستکردنە بە بەبرسێتی، چونکە منداڵی تازە لەدایک بو خاوەن گەدەیەکی بچوکەو ناتوانرێ بەشێوەیەکی زیاد شیری بدرێتێ و ئەو برە شیرەی کە پێی دەدرێت زو دەست بەهەرسکردنی دەکات، بۆیە پێویستە دو کاتژمێر جارێک بەلایەنی کەمەوە شیری بدرێتێ.
هەروەها نابێت زەنگ (منبە) بۆ منداڵ دابنرێ بەمەبەستی لەخەو هەستاندنی، چونکە لەو تەمەنە نابێت منداڵ بە ویستی خۆمان بخەوێنین یان لەخەوی بکەین، بەپێچەوانە پێویستە باش ئاگاداری خەوتنی ببین وهیچ شتێک بۆ منداڵ بەکارنەهێنین تا زانیاری تەواومان لەسەری نەبێت، بۆ ئەوەی هیچ زیانێک بەر منداڵ نەکەوێت لەرێگەی ئەو ئامۆژگاریانەی کە کەسانی دەوروبەر دەیڵێن.

*** ئامۆژگاری بۆ پارێزگاریی لە منداڵی تازە لەدایک بو**

١. پێویستە هەڵێک بەمنداڵ بدرێت بۆ ئەوەی خۆی بخەوێت، ئەویش لەرێگای راکشانی لەسەر جێگا و هێشتنەوەی تاوەکو دەخەوێت، بەبێ راژاندنەوەی تەنانەت ئەگەر گریاش جێی بهێڵە بۆ ماوەیەکی کاتی وخۆی دەخەوێت.

٢. ئامادەکردنی بۆ خەوتن وادەکات زوتر بخەوێت، هەستە بەتێرکردنی منداڵەکە و گۆرینی دایبی منداڵەکە و خوێندنەوەی چیرۆکێک بۆی ئەمیش وادەکات منداڵ هەست بکات ئەم کارانە بۆ خەوتنێتی.

٣. گرنگی دان بەتێرکردنی منداڵ پێش خەوتن و گرنگی دان بەگەرمی ژوری خەوتنی لەکاتی سەرمادا، هەروەها جیاکردنەوەی خواردنی شەو و رۆژ بۆ ئەوەی منداڵ هەست بە جیاوازی ئەو دو کاتە بکات.

٤. ئەگەر منداڵ بەشێوەیەکی هێمن بەدەم خەوەوە گریا، لێگەرێ پێویست ناکات نزیکی ببیتەوە، چونکە خۆی بێدەنگ دەبێت و دەخەوێت، بەڵام ئەگەر منداڵ بەخەبەر بو و دەستی بەگریان کرد ئەوە پێویستە بزانی ئەو منداڵە برسییەتی و هەستی بە تێربون نەکردوە.



منداڵی تازە لەدایکبو گەدەی بچوکەو ناتوانرێ بەشێوەیەکی زیاد شیری بدرێتێ

نابێت زەنگ (منبە) بۆ منداڵ دابنرێ بەمەبەستی لەخەو هەستاندنی

# لەیلا قاسم



**▪ نەوژین، شاران بەرزنجی**

**یەکێک لەو خاتونانەی کە شایستەی باسکردن بو، وە پڕاو پڕ بو لە بوێری و چاونەترسی و کوردپەروەری، لەیلا قاسمە، بەپێی ئەو نوسینانەی کە باس لەم خاتونە دەکات لە ساڵی ١٩٥٢ ئەم خاتونە تێکۆشەرە لە گوندی بامیلی سەر بە شاری خانەقین، لە خێزانێکی هەژار و نیشتیمانپەروەر چاوی بە دونیا هەڵهێناوە.**

> **بە مردنم هەزاران کورد وشیار دەبنەوە گیانم فیدای ڕێی ڕزگاری کوردستان دەکەم**

ناوی باوکی (قاسم حەسەن) بو، کرێکاری پاڵاوگەی نەوتی ئەلوەند بو، دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧١ باوکی لەیلا خانەنشین بو، ماڵیان گواستەوە بۆ بەغداد.

لە ساڵی ١٩٥٨ دەستی بە خوێندن کردوە، قۆناغی سەرەتای و دواناوەندی لە خانەقین تەواو کردوە، لە ساڵی ١٩٧١ لە بەغداد لە بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی ئاداب وەردەگیرێت.

لەیلا هەر لە تەمەنی منداڵیەوە هەژاری و نەداری چەشتبو، لەلایەن زوڵم و زۆرداری ڕژێمی بەعس لەسەر گەلی کورد بیری ئازادیخوازانە تێکۆشان و خەبات لە لای لەیلا دروست بو.

لەساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە بزاڤی سیاسی نەتەوەکەیەوە کرد، لە ڕێگەی (سەلام قاسمی) برا گەورەیەوە، لە ناو ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان خەبات و تێکۆشانی بەڕێوە دەبرد.

لەیلا قاسم لە ناو قوتابیە کوردەکانی زانکۆی بەغداد ڕۆڵێکی کاریگەری هەبو لە وشیار کردنەوەو ڕێکخستنیان، لە کاتێکدا دەوترا ژن ناتوانێت شانبەشانی پیاوان بێت لە شار و شاخ و دێهاتەکاندا خەبات بکات.

لەیلا قاسم لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی کە ناوی (جەواد هەمەوەندی) بو کە بەیەکەوە خەبات و چالاکیان دەکرد، زۆر یەکتریان خۆشدەویست گەرچی لەیلا خوێندکاری زانکۆ بوو، جەوادیش کرێکاری یەکێک لە کارگەکانی بەغداد بو، خۆشەویستییەکی بێ سنور لە نێوانیاندا هەبو.

لەیلا هەر لە ڕێگەی (جەواد)یشەوە ماوەیەک لە باشووری کوردستان چوە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، لەیلاو جەواد هەردوکیان هاوبیر بون لە پێناو سەرکەوتنی دۆزی گەلەکەیاندا، لەیلا بە خەبات و تێکۆشان سەلماندی کە ژنانیش شانبەشانی پیاوان خەبات و تێکۆشان بکەن لە پێناو ئازادی گەلەکەیاندا.

لە ساڵی ١٩٧٤ لەیلا و جەواد لێکۆڵینەوەیەکی زانستیان لەسەر کۆمەڵگەی کورد ئەنجامدابو، لە دەرفەتێک دەگەڕان تاوەکو بڵاوی بکەنەوە بەڵام بەهۆی تێکچونی گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و ڕژێمی عێراق و دەست پێکردنەوەی شەڕ و پاشانیش گرتنی لەیلا قاسم و جەواد و هاوڕێکانی تریان، دەستنوسی لێکۆڵینەوەکەیان لەلایەن سیخوڕەکانی حکومەتی عێراقەوە لە ناودرا.

لە ٢٨/٤/١٩٧٤ لەیلا قاسم و چوار لە هاوڕێکانی بەناوی (جەواد هەمەوەندی، نەریمان فواد مەستی، حەسەن حەمە ڕەشید، ئازاد سلێمان میران) دەستگیر کران،

لە زۆربەی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکاندا باس کران و بە گێرەشێوێن و تیرۆریست ناوبران.

لەگەڵ ئەو هەمو ئازار و ئەشکەنجەیەدا بچوکترین کردەوەشیان لەسەر ئاشکرا نەبو.

لەیلا کچێکی چاو نەترس و ئازا بو، لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بە ڕژێمی بەعسی وتبو، «من لە مردن ناترسم بە مردنی من هەزاران کورد لە خەوی نەزانی وشیار دەبنەوە زۆر سەربەرزم و گیانم فیدای ڕێی ڕزگاری کوردستان دەکەم»

دوای دو هەفتە لە گرتنیان بڕیاری لەسێدارە دانیان بۆ دەرچو.

لە کاتژمێر ٧ ی سەرلەبەیانی ١٢/٥/١٩٧٤ لەیلا قاسم و هەر چوار هاوڕێکەی لەسێدارە دران.

(سەلام قاسمی) برایشی ماوەیەک دوای سێدارەدانی لەیلای خوشکی کوژرا هەر لە بەغدا لەلایەن بەعسیەکانەوە، لەسێدارەدانی لەیلا بە کوردوستاندا بڵاو بووەوەو هەندێک لە چاپەمەنییەکانی ئەوسایی جیهان هەواڵی لەسێدارەدانی لەیلایان وەک لەسێدارەدانی یەکەم ژن لە مێژوی سیاسی عێراقدا بڵاوکردۆتەوە،

بێگومان بە مردنی لەیلا وای کرد کە هەزاران کورد ڕو لە شاخ بکەن بۆ بەرگریکردن لە نەتەوەکەیان، دوای لەیلا قاسم هەزاران خێزانی کورد ناوی لەیلایان لە کچەکانیان دەنا.

لەیلا قاسم بو بە چیرۆک و داستان، شاعیران (جگەر خوێن و هێمن) شیعریان لەسەر نوسی.

جارێکیان بنەماڵەکەی ئەچن بۆ سەردانی لەیلا لە بەندیخانە، بە دڵێکی خۆشەوە پێیانی وتبوو ئەمجارە کە هاتنەوە دوو شتم بۆ بهێنن:

یەکەم: جلە کوردیە نوێیەکەم،

دووەم: مقەستێک

کە پرسیاری لێ دەکەن ئەڵێن بۆچیتە؟

بە پێکەنینەوە ئەڵێت کە هێناتان پێتان دەڵێم،کە سەردانی دەکەن و مقەستەکەی پێ دەدەن، کەمێک لە قژی دەبڕێت و دەیدات بە دایکی ،دەڵێت «ئەوە یادگاری بێت لای خۆت هەڵی بگرە جلە کوردیەکەیشم بۆ ئەوەیە دوای چەند ڕۆژێکی تر دەگەمە کاروانی شەهیدان و بەو جلە کوردیانەوە دەبمە بوکی کوردستان».

# چەند ڕێگایەکی ئاسان بۆلێکرنەوەی بۆیەی پرچ

**▪ نەوژین، سێوە محەمەد**

**لە ئێستادا خانمان بۆ گۆڕانکاریکردن و جوانتر دەرخستنی پرچیان ، پەنا بۆ بۆیە کردنی دەبەن، بەدەیەها جۆر و ڕەنگ پرچیان بۆیە دەکەن، ئەوەی بۆتە گرفت چۆنێتی لابردنی ئەو ڕەنگانەیە کە خانمان بەهیچ شێوەیەک لە دەرەنجامەکەی ڕازی نین.**

ئەگەر تۆش لەو دەستە خانمانەی دوای بۆیە کردنی پرچت بەردەوام لەپێش ئاوینە بەخۆت ئەڵێیت بۆ ئەم هەڵەیەم کرد؟! بۆ ئەم ڕەنگەم هەڵبژارد؟! یان بۆیەی هەڵبژێردراوی پرچەکەت لەگەڵ پێست و ژینگەکەت گونجاو نییە، لابردنیشی کارێکی زۆر سەخت و گران نییە، دەتوانی لەماڵەوە بەچەند ڕێگایەکی سادە بۆیەی قژەکەت کاڵترو کاڵتر بکەیتەوە، بە بێ ئەوەی پرچت بسوتێت و زیانی زۆری بەربکەویت.

١ـ قەسرکردن : (شۆردن بەبلۆندەرو ئۆکسجین):

لابردنی ڕەنگی پرچی ڕەش لە هەمو ڕەنگەکانی تر قورسترو پڕزەحمەتترە، ئەم ڕێگەیە زیاتر بۆ پرچی ڕەش بەکاردەهێنرێت و دەتوانرێت ١بۆ ٢ دەرەجە پرچەکە کاڵتر بکاتەوە،

ئەم ڕێگەیە پێویستی بەکارامەی و لێزانی خانم هەیە، دەبێت زۆر بەخێرایی ئەنجام بدریت بۆ ئەوەی زیانی زۆر بە قژەکە نەگەیەنیت .

بۆ ئەنجام دانی ئەم ڕێگەیە دەتوانرێ هاراوەی بلۆندەرەکە بکرێتە قاپێکەوە و دواتر ئۆکسجینەکە بکەیت بەسەریا جوان تێکەڵ بکرێت و دواتر بەهاوکاری فڵچەیەک بدریت لە پرچ، بۆماوەی (٣٠-٤٠) خولەک پێوەی بمێنێت دواتر بەئاوی سارد بشۆردرێت .



٢ـ ئاوی گەرم:

هەمو بۆیەیەک دوای ١٥بۆ ٢٠ جارشۆردن کاڵ دەبێتەوە، ئەو بۆیانەی کە خانمان بۆ ڕەنگکردنی پرچیان بەکاری دەهێنن، ماوەی مانەوەی ڕەنگەکەی نوسراوە کە بەچەند جار شۆردن کاڵ دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر دەتانەوێت ڕەنگی پرچەکەتان زو کاڵ بێتەوە بەئاوی زۆر گەرم بیشۆن، دواتر ئەتوانن کرێمی نەرم کەرەوەی بۆ بەکاربێنن بۆ ئەوەی تاڵەکانی توشی شکانەوە نەبێت .

٣ـ زەیتی گەرم کراو:

دوای شۆردنی پرچ بەئاوی گەرم و شامپۆی تایبەتی خۆت یەکێک لەم زەیتانە، (زەیتی زەیتون، زەیتی بادەم یان زەیتی گوێزی هیندی تایبەت بە پرچ) دواتر زەیتەکە لەفڕنی مایکرۆدا، تۆزێک گەرم بکرێت پێستی سەرو قژەکەی پێ چەور بکریت لەشێوەی شێلانێکی نەرم، پاشان خاولییەکی گەرم کراو لەقژەکە بپێچریت بۆ ماوەی کاتژمێرێک پێوەی بمێنیتەوەو پاشان بشۆردرێت .

٤ـ حەبی (ڤیتامینC):

چەند پارچە حەبێک لەگەڵ ئاوا تێکەڵ بکرێت تا گیراوەیەک دروست دەبێت پاشان ئەو گیراوەیە لە پێستی سەر دەدرێت، ئەو گیراوەیە دەبێت بە ئەندازەیەک بێت هەمو پێستی سەر داپۆشێ و٣٠ خولەک پێوەی بێت دواتر بەئاوی گەرم بشۆردریت .

ئەم ڕێگەیە دەبێت بەشێوەیەکی ڕێک وپێک ئەنجام بدریت دوای (٨ـ١٠) جار بەکارهێنان پرچەکە دو پلە لەوەی پێشوتر کاڵ تردەکاتەوە.

٥ـ ئاوی لیمۆ:

یەک لیمۆ لە ناوەڕاستەوە بکە بە دووکەرتەوە، ئاوی لەتێکی بگرەو پێستی سەری بەنەرمی پێ بشێلە وریابن زۆر بە نینۆک نەیروشێنن چونکە دەبێتە هۆی برینداربون و قرچاندنی پێستی سەر بەپارچەکەیتری پرچی پێ ماساج بکە بابۆ ماوەی یەک کاتژمێر پێوەی بمێنیتەوەو، دواتر بە ئاوی گەرم بشۆردریت.

٦ـ تایت:

ڕەنگە جیاواز و غەریب بێتە پێش چاو، بەڵام ڕاستە !

ئەگەر نیو کەوچک تایت لەگەڵ شامپۆ تێکەڵ بکرێت و بۆ پرچ بەکاربهێنرێت، بەدڵنیایەوە زۆر بەخێرایی بۆیەیی پرچ کاڵ دەکاتەوە، ئەگەر جگە لەشامپۆی ئاسایی لەگەڵ شامپۆی دژە لابەری بۆیە تێکەڵ بکریت ئەوا زۆر بەخێرای کاریگەری لەسەر کاڵکردنەوەی ڕەنگی پرچەکە دەبێت.

ئەوەتان بیر نەچێت ئەم ڕێگەیە نابیت بەبەردەوای بەکاربهینرێت چونکە زیانی زۆری بۆ پرچ دەبێت.

## دەربارەی نەوژین

نەوژین، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردووە پاشان وێبسایتێکی داناوە.

ڕۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

ڕۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەیەکی رادیۆی دەنگ کە لەلایەن سندوقەکەوە پاڵپشتیی دەکرێت.

ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولێکی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە:

تەلەفۆن:

٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:

nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:

nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئێلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

# ماڵێک خانمانی دەربەندیخان کۆ دەکاتەوە

▪ نەوژین، ئەحمەد حەمید

**کۆمەڵێک ئافرەت لە شاری دەربەندیخان کچان و ژنانی ئەو شارە لە ماڵێکدا کۆدەکەنەوە کە سەرجەم پێداویستیەکانیانی تێدایە و لەم ڕێگەیەشەوە چەند ئافرەتێک بوەنەتە خاوەن کاری خۆیان و لە ڕێگەی کردنەوەی خولی جۆراوجۆرەوە پەرە بە تواناکانی ئافرەتانی دیکەش دەدەن.**

پێویستە ئافرەنانیش بێنە ناو کۆمەڵگاوە و تواناکانی خۆیان بسەلمێنن



ماڵی خانمان لە دەربەندیخان پرۆژەیەکە لە کۆمەڵێ کاری جیاواز پێکدێت کە سەرجەمیان ئافرەت بەڕێوەی دەبات.

تریفە ئیبراهیم، سەرپەرشتیاری ماڵی خانمان لەم بارەیەوە بە (نەوژین)ی وت: «ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان سەردانمان دەکەن و توانیومانە ئاسانکارییەکی باش بۆ ئەو ئافرەتانە بکەین کە حەزی کارکردنیان هەیە و دەیانەوێت فێری کاربن و کاربکەن».

وتیشی: «ئامانجم ئەوەبوە بتوانم لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە توانای ئەو ئافرەتانە بە دەرخەم کە تا ئێستا بە هۆی تانە و تەشەری کۆمەڵگاوە نەیانتوانیوە بەهرەکانیان پیشان بدەن، هەروەک ئافرەتانیش بتوانن ببنە خاوەن داهاتی خۆیان».

تریفە ئەوەشی وت: «جگە لەوەی کە ئافرەتان بۆ دەسکەوتنی پێداویستییەکانیان سەردانمان دەکەن، توانیومانە لە ڕێگەی کردنەوەی خولی جۆراوجۆرەوە سەرنجی ئافرەتان بۆ لای خۆمان رابکێشین، بۆ ئەوەی ئەوانیش پەرە بە تواناکانیان بدەن».

ماڵی خانمانی دەربەندیخان هەشت بەشی جیاوازی هەیە (دورمان، جلوبەرگی ئافرەتان، جلوبەرگی مناڵان، جوانکاری ئافرەتان، ئارایشتگا، باڵەی ئەوروپی، کاری دەستی، دەرمانخانە) هەر بۆیە ئەم ماڵە بوەتە هۆکاری ئەوەی چەندین ئافرەت ببنە خاوەن کاری خۆیان.

کۆچەر حەمە یەکێکە لەو ئافرەتانەی لە ڕێگەی ماڵی خانمانەوە بوەتە خاوەن کاری خۆی بۆ (نەوژین) دەڵێت: «لەم ماوانەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو خواستی ئافرەتان بۆ کارکردن زیادی کردوە و پێویستە ئافرەنانیش بێنە ناو کۆمەڵگاوە و تواناکانی خۆیان بسەلمێنن».

لە بارەی ئەوەی تا چەن ڕێگریی هاتوەتە بەردەم کارکردنیەوە کۆچەر ئاماژەی بەوەکرد: «ئەوەی گرنگ بێت ماڵەوەیە، ماڵەوەش بە شێوەیەکی ئاسایی لە کارکردنم دەڕوانن و چ کاتێک پێویستم بوبێ هاوکارییان کردوم، ئەمەش هۆکارێکە کە بتوانم درێژە بە کارەکەم بدەم».

کارکردنی ئافرەتان لەم ماوانەی دوایدا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە و تا رادەیەک ئەو دۆخەی تێپەڕاندوە کە پێشتر لە کۆمەڵگادا بە عەیبە دەبینرا، و ئێستا ئافرەتان لە دەست کەوتنی کاردا رکابەری پیاوان دەکەن.

ئینتسار سابر یەکێکی دیکەیە لەو ئافرەتانەی لە ماڵی خانماندا کاردەکات بۆ (نەوژین) وتی: «ماڵی خانمان دەرفەتێکی باش بو بۆ ئەوەی ببمە خاوەن کاری خۆم و ئابوری سەربەخۆی خۆمم هەبێ و زۆر دڵخۆشم بە کارەکەم».

ئەو لە گەڵ ئەوەی کاری فرۆشتتنی جلوبەرگی ئافرەتان دەکات، و پەرە بە تواناکانی دەدات کە کاری دەستییە، ئەو ئافرەتانەشی کە حەزیان بە کاری دەستی هەیە سەردانی دەکەن و فێری کاری دەستیان دەکات، ئەو ئاماژەی بەوەکرد: «گرنگە ئافرەت کار بکات و کاری خۆی هەبێت بە تایبەت ئەو ئافرەتانەی خۆیان بەهرەمەندن».

# کچی بەهێز کۆمەڵگای بەهێز دروست دەکات









(۱۱) ئۆکتۆبەر لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە بە ڕۆژی جیهانی کچان دەستنیشان کراوە، دیارییکردنی ئەم ڕۆژەش بۆ ئەوەیە بە دیارییکراویی جەخت لە پێویستیی گرنگیدان بە کچان لە کۆمەڵگادا بکرێتەوە.

مەبەستێکی دیکەی دیارییکردنی ڕۆژێکی جیهانی بۆ کچان، بەرەنگاربونەوەی جیاوازیکردنە لەگەڵیان لەسەر بنەمای ڕەگەز، هەروەها پێویستیی گرنگییپێدانیان لە روە جیاوازەکانی ژیانەوەو دابینکردنی مافەکانیان لە بوارە جیاوازەکانی وەکو: ئاسایش، کۆمەڵایەتیی، خوێندن، ئازادیی و ...هتد.

پیرۆزە لە کچانی کوردستان...

(۱۱)ی ئۆکتۆبەر .. ڕۆژی جیهانی کچان